# بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لەسەردەمی پارتی دادو گەشەپێدان (لێکۆڵینەوەیەکی تیۆرییە)[1]

ID No. 1173

(PP 172 - 192)

https://doi.org/10.21271/ZJlP.21.34.9

پ.ی. د. ئازاد عوسمان صالح
کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەدین(خانەنشین)
salih.azad@gmail.com

م. بێستون عمر نوری
کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەدین
beastun.nuri@su.edu.krd

وەرگـــــرتن: 2023/04/25

پەسندکردن: 2023/05/30

بڵاوکردنەوە : 17 / 09 /2023

## پوختە

ئەم تویژینەوەیە جەخت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەکاتەوە، بەشێوەیەك کۆماری تورکیا، بەهۆی گرنگی پێگە جیۆپۆلتیکیەکەی لە ناوچەکە و جیهان، هەمیشە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی مامەلەی جیایان لەگەل ڕووداوەکانی ناوچەکە و جیهان کردوە، بۆیە ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ستاتیك و جێگیر نەبووە و بەردەوام لە گۆڕاندا بووە. ئەمەش گرنگی ئەم تویژینەوەیە بەدیاردەخات، چونکە ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەسەرئاستی ناوخۆیی و هەرێمیی و نیودەولەتی ڕوویانداوە، ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر چۆنیەتی دارشتنی بنەماکانی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، بەتایبەت لەسەردەمی دەسەڵاتی پارتی دادو گەشەپێدان، کە لەدوای ساڵی 2002 گەیشتە دەسەڵات؛ و دوو قۆناخی جیاواز لە خۆدەگرێت، قۆناخی یەکەمر (2002-2011) کە بە قۆناخی کرانەو و بوژاندنەوە دادەنرێت بۆ تورکیا، قۆناخی دووەمر دوای (2011-2021) کە بەقۆناخێکی ناسەقامگیر و نادلنیایی دادەنرێت بۆ تورکیا. لە هەر قۆناخێك دا بنەمای جیاواز پەیرەوکراوە بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا. گۆڕانکاری خێرا لە بنەماکان بەئامانجی پاراستنی ئاشتی و سەقامگیریی تورکیا بووە.

کلیلە ووشەکان: تورکیا، ئاسایشی نەتەوەیی، ستراتیجیەت، پارتی دادو گەشەپێدان.

## پێشەکی

تورکیا لەرووی جیۆ ستراتیجیەوە شوێنێکی گرنگ و تایبەتمەندە، جێگای بایەخ و گرنگی پێدان بووە لەلایەن دەوڵەتانی زلهێز لەسەر ئاستی هەرێمیی و نێودەولەتیی. هاوشانی ئەمانە هەمیشە شێوازی جیاوازی هەڵبژاردوە لەپێناو پارێزگاریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی، بەڵام بەهۆی نادلنیایی لە سیستەمی جیهانی و سود وەرنەگرتن لەپێگەکەی تورکیا نەگیشتە ئەوهیز و پێگەیەی کە هاوشانی پێگەکەی بێت لەناوچەکە.

بەڵام دوای ئەوەی پارتی دادو گەشەپێدان لەساڵی 2002 دەسەڵاتی گرتە دەست، و خاوەن ڕوانگەیەکی جیاواز بوو لە هەموو ئەو پاراتانەی پێشوو کە فەرمانڕەوایی تورکیایان کردبوو، هۆکارێك بوو بۆ دووبارە پێداچوونەوە بە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا و دارشتنی شێوازێکی هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوەکان و ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر گەرانەوەی هەژموونی تورکیا و بەدیارکەوتنی وەك کاراکتەرێکی سەرەکی لەسەر ئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتی بەپشت بەستن بە پێگەکەی.

[1]- ئەم تویژینەوەیە هەڵێنجراوە (مستل)ە، لە تێزی دکتۆرا، بەناونیشانی (ستراتیجیەتی تورکیا بەرامبەر بەعیراق(2011-2021) ئاسایشی نەتەوەیی وەك بنەما. وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بروانامەی دکتۆرا.

**لەسەردەمی حکومەتی پارتی دادو گەشەپێدان دارشتنی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بە دوو قۆناخ دا تێپەر بووە، کە هەریەکێك لەم قۆناغانەی وابەستەی ڕووداوەکان بوو، لێرەدا بۆ ئاشنا بوو لەتەوەرەی یەکەم ئاماژە بە قۆناغی یەکەم (2011-2002) دەکەین کە بەقۆناخی بوژاندنەوە و گەشەسەندن دادەنرێت، لەچوارچێوەی تیۆریی قولایی ستراتیجی ئەحمەد داود ئۆغلۆ. بەڵام لە قۆناخی دووەم کە ئامانج و فۆکەسی تویژینەوەکەی ئێمەیە دوای 2011، تا 2021 ، بەهۆی ڕووداوەکان بەتایبەت "بەهاری عەرەبی" و سەرهەڵدانی ڕێکخراوی دەولەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش)، بنەماکانی دارشتنی ئاسایشی نەتەوەیی گۆرانکاری بەسەرداهات. ئەم دوو قۆناغەش لەچوارچێوەی تیۆری کۆبەندی ئاسایشی هەرێمیی شیکردنەوەیان بۆدەکەین کەهەریەکەیان لەگەڵ یەکتر جیاوازن.**

**گرفتی توێژینەوە:**

**ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەشێوەیەك دادەرێژرێت کە هاوتەریب بێت لەگەل گۆرانکارییە هەرێمیی و نێودەولەتییەکان بەتایبەت دوای 2011 کە بەسەردەمی نادلنیایی دادەنریت بەهۆی زۆریی و خێرایی لە ڕووداوەکان، تورکیا لە گشت دەولەتانی دیکەی ناوچەکە زۆرتر کاریگەرە بە ڕووداوەکان، بەهۆی ئەو پێگە جوگرافیاییەی هەیەتی، بەردەوام هۆکارێك بووە بۆ گۆرینی ئاراستەی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی، لێرەدا گرفتی توێژینەوەکە خۆی لەم پرسیارە سەرەکیە دەبینێتەوە: ئایا دارشتنی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لەسەردەمی پارتی دادو گەشەپێدان رەنگدانەوەی گۆرانکاریی و ڕووداوەکانە؟**

**گرنگی تویژینەوە:**

**ئاسایشی نەتەوەیی یەکێکەلەپرسە هەستیارو گرنگەکان، هەموو دەولەتێك هەوڵدەدات پارێزگاری لەم پرسە بکات. شیکردنەوەی پرسی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەپشتبەستن بە تێۆریی کۆربەندی ئاسایشی هەرێمیی تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەم توێژینەوەیەیە، چونکە ئەم پرسە هۆکارێك بوە بۆ گۆرینی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەگوێرەی ڕووداوەکان، بۆیە تیشکخستنە سەر قۆناخە جیاوازەکانی دارشتنی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، بەتایبەت لەسەردەمی پارتی دادوگەشەپێدان و گۆرینی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتان لەسەر ئاستی هەرێمیی و نیودەولەتی بایەخێکی دیکەیە لەم توێژینەوەیە.**

**ئامانجی تویژینەوە**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم خالانەی خوارەوە دەبینێتەوە:**

- **شیکردنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەشێوەیەکی قۆناخبەندی، کە لەهەر قۆناخیك دا بنەمای جیاواز پەیرەوکراوە.**
- **هەلوێستەکردن لەسەر ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لەپێش 2011 .**
- **دەستنیشانکردنی گرنگترین بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لەسەردەمی نادلنیاییدا واتا دوای 2011 .**
- **خستنەرووی کاریگەری ڕووداوەکان لەسەر دەستنیشانکردنی چۆنیەتی دارشتنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لەسەردەمی فەرمانرەوایەتی پارتی دادو گەشەپێدان.**
- **رونکردنەوەی گۆرینی پەیوەندی نێوان تورکیا و دەوڵەتان لە چوارچێوەی ستراتیجیەتێك کە دارێژراوە بۆ جیبەجێکردنی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی.**

**گریمانەی تویژینەوە**

بۆوەلامدانەوەی پرسیاری سەرەکی تویژینەوەکە کارلەسەر ئەم گریمانەیە کراوە، کە ڕووداوەکانی لەماوەی نێوان (2002-2021) لەسەردەمی فەرمانرەوایی پارتی دادو گەشەپێدان لەسەر ئاستی هەرێمیی و نیودەولەتی کاریگەریان هەبووە لەسەر دارشتنی بنەماکانی ئاشایشی نەتەویی تورکیا.

**میتۆدی تویژینەوە**

بۆگەیشتن بەوەلامی پرسیاری سەرەکی تویژینەوەکە، پشت بەچەند میتۆدێك بەستراوە، وەك میتۆدی شیکاری وەسفی (descriptive analysis) بەمەبەستی شیکردنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا و دیاریکردنی بنەماکانی ئاسایشی نەتەویی تورکیا لە سەردەمی نادلنیاییدا. هەروەها میتۆدی شیکاری سیستەم (تحليل النظم) (Analysis system) بەشێوەیەك ڕووداوەکانی دەرەوە وەك (مدخلات-Input) کاریگەری دروستدەکەن لە سەر تورکیا، وهەلوێستی حکومەتی تورکیا وکاردانەوەی بەرانبەر ئەم ڕووداوانە لە ڕێگەی دەرکرنی بریارەکان بریتیە لە (مخرجات-output)، و(هەڵسەنگاندن)ی کاریگەری بریارەکان لەسەر ڕووداوەکان بریتیە لە (التغذية الاسترجاعية) - (feed back).

**پەیکەری تویژینەوە**

ئەم تویژینەوەیە، جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، پێکدێت لە سێ تەوەر: تەوەرەی یەکەم: چوارچیوەی تیۆری بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دەخەینەروو و، بەشێوەیەك تیۆری کۆربەندی ئاسایشی هەریمیی وەك چوارچیوەیەك دەبێت بۆ ئەم تویژینەوەیە، تەوەرەی دووەم دەستنیشانی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لە پێش سالی 2011 دەکات، و تەوەرەی دووەمیش لە گرنگترین بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دوای 2011 دەکۆلێتەوە.

**1-چوارچێوەی تیۆری و چەمکەکان**

**1-1: ئا سایشی نەتەوەیی: چەمك و پێناسە**

**1-1-1: چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی**

ئاسایشی نەتەوەیی (National Security) چەمکێکی ئاڵۆز و ناڕوونە، بەهۆی ئەوەی چەندین فاکتەر کاریگەریان لەسەر دۆخی ناوخۆ و دەرەوەدا هەیە، بۆیە گۆڕاوە و چەسپاو نیە، هەروەها ڕێژەییە و ڕەها نییە، راستەوخۆ و ناراستەوخۆ ڕوبەرووی مەترسی دەبێتەوە(ئاکرەیی، 2009،ص39). لێکۆلینەوە لەسەر ئاسایش بەشێوەیەکی بەرفراوان لەدوای جەنگی جیهانیی دووەم ئەنجام دراوە و گەشەی سەندوە، بەڵام ڕەگ و ریشەکەی دەگەرێتەوە بۆسەدەی حەڤدەیەم، بەتایبەتی دوای (پەیماننامەی وێستفالیا لە ساڵی 1648- Treaty of Westphalia) (1) ، کە بووە هۆی

(1) بریتیە لەو ڕێکەوتنامەی کە لەنێوان کاسۆلیکەکان بە رابەرایەتی ئیسپانیا و پرۆتێستانتەکان بە رابەرایەتی فەرەنسا لەساڵی 1648مۆرکرا، دوای ئەوەی پەیڕەوانی ئەم دوو مەزهەبە ئاینییە مەسیحییە جەنگ لەنێوانیان دا دورست ببوو، ئەم جەنگەش(٣٠) سی ساڵی خایەند (1618-1648)، بۆیە بە جەنگی سی ساڵە ناودەبردرێت. مۆرکردنی رکەوتنامەی ئاشتی لەنیوانیان دا، کە بە (ڕێکەوتنامەی ویستڤاليا) ناسراوە، بووە هۆی ئەوەی جەنگ کۆتایی پێبێت، و بنەما سەرەکییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتیی دیاری بکرێن. گرنگترین بریارەکانی کۆنگرەی ئاشتەوایی ویستڤاليا ئەمانەبوون: ١- کۆتایهێان بە ململانێ و جەنگی ئایینی، ٢ - دانانی سەرەتایەك بۆ دیبلۆماسییەتی کۆنگرەکان، ٣- یەکسانیی نێوان دەوڵەتان، ٤- دانانی نێردەی دبلۆماسیی بەردەوام، ٥- بەپیرۆزناساندنی ڕیکەوتنامە و بەلێننامەکان، ٦-هاوسەنگیی نێوان هێزەکان، ٧- دانپێدانان بە سەروەریی وەك چەمکێکی نێودەوڵەتیی، ٨-قەدەغەکردنی دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆیی دەولەتان، ٩- بریاردرا بەهاتنەناوەوەی رووسیای قەیسەریی بۆ ناو کۆمەڵەی ئەورووپی. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: د. شەماڵ حسین، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان : چەمك و بنەماکان، مێژوو و قۆناغەکانی، تێز و تێۆرەکان، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، 2018.

**پەیدابوونی دەوڵەتی نەتەوەیی (Nation-State)، دواتر لەسەردەمی جەنگی سارد دا چوارچێوەیەکی تێۆریی بۆدورست بوو تاگەیشت بەقۆناغی (ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی). لەوسەردەمەدا هەندێک زاراوە وتێگە (چەمک) وەك (دەورەدان، بەرپەرچدانەوە و هاوسەنگیی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە) وەك سەردێر سەریان هەڵدا، بەئامانجی بەدەستهێنانی ئاسایش و ئاشتی و دورکەوتنەوە لەجەنگ و وێرانکاری کەناوەراستی سەدەی بیستەم بەخۆیەوەبینی(بالقزیز، 1989،ص58).**

**لەگەل کۆتایی هاتنی ( جەنگی سارد)[1] لە نێوان دەولەتانی سەرمایەدار و دەولەتانی سۆشیالیست لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، شۆرشێکی هزری سەری هەڵدا سەبارەت بە پرسی ئاسایش، بەشێوەیەك توێژەران و بڕیاردەرانی سیاسی دورکەوتنەوە لە ڵیکۆلینەوە کلاسیکیەکان وهەنگاویان نا بەرەو لێکۆلینەوەی هاوچەرخ وبەشێوەیەکی بەرفراوانتر تەرکیزیان لەسەر ئاسایشی دەوڵەت کردەوە، واتا تەنها لەروانگەی دەوڵەت سەیری پرسی ئاسایشیان نەکردوە، بەڵکو لایەنی مرۆڤایەتیشی گرتەوە ئاماژەش بەوەکرا کە پێویستە سەرچاوەکانی هەرەشە تەنها لە لایەنی سەربازی سنوردارنەکرێت بەڵکو بوارەکانی تریش لەخۆبگرێت( أوكالاهان، 2008، ص79).**

**بۆیە لەدوای جەنگی سارد بایەخدان بەئاسایشی نەتەوەیی فۆرمێکی فراوانتری وەرگرت و تەنیا لایەنی ئاسایشی نەتەوەیی نەگرتەخۆ، بەڵکو ئاسایشی مرۆییشی گرتەوە. توێژەران پیان وایە ناکرێت بیر لەئاسایشی تەواو گشتگیر بکەینەوە لەناو یەك دەوڵەت بەشێوەیەکی هەمیشەیی، چونکە ئەمە پەیوەستە بە رەوایەتیی و بەشداریی سیاسیی(Bigo,2008,P123). دوابەدوای ئەمەش ئاسایشی جیهانی سەریهەڵدا، بەشێوەیەك ئاسایشی مرۆیی یان ئاسایشی نەتەوەیی دەستەبەرنابێت، بەبێ ئاسایشی جیهانی**(Buzzan, Weaver,Wilde,1998,P31).

**کەواتە بەهۆی ئەوگۆرانکاریانەی کەبەسەر بونیادی سیستەمی سیاسی دوای جەنگی سارد داهاتن، و دوای فراوانبوونی سنوری بەرژەوەندی دەوڵەتان ، بەرەپێشچوونی زانست و تەکنەلۆجیا و تیرۆر وای کرد کە ئامراز و میکانیزمی جیاواز بەکاربهێنرێن بۆ بۆدابینکردنی ئاسایش. لێرەدا دەردەکەوێت کە ئاشتی و ئاسایشی جیهان ئەرکێکە لەئەستۆی هەموو ولاتانی جیهاندایە و، هەرەشەکانی سەرئاسایشیش تەنیا کێشەی نەتەوە یان هەرێمێکی دیاری کراو نین، بەڵکو بوونەتە کێشەیەکی جیهانیی، و هەموو وڵاتان دەبێت هاوکاریی یەکدی بکەن لەپێناو سەقامگیریی و ئاشتی و ئاسایشی جیهانیی، چونکە ئاسایش و سەقامگیریی بەرژەوەندی گشتییە نەك تایبەتی(صالح، 2011، ص101).**

### 1-1-2:پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی

**پێناسەکە تێروانین و ڕوانگەی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەشێوەیەك هەندیکیان لە چوارچێوەی بواری لەشکریی پێناسەی دەکەن، لەروانگەی والترلبمان** (Lippmann) **بریتیە لە وەی هەر نەتەوەیەك لەئاسایش دەژیت ئەگەر بتوانێت پارێزگاری لە بەها بالاکانی بکات لەکاتی جەنگ، واتە کاتێك کەرووبەرووی هەرەشە دەبێتەوە. ئەمەش چوارلایەن لەخۆدەگرێت کە والتر لبمان باسیان دەکات(العامري، 2009، ص157):**

**١- کرۆکی ئاسایشی نەتەوەیی بریتیە لە بەدەستهێنانی ئاسایش و دلنیابوونی گەڵ وپاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ڕێزگرتنی بەهای ئەم نەتەوەیە لەلایەن گەڵانی دیکەوە.**

**٢- ئەو ئامرازەی کەدەتوانێت ئەم ئاسایش و دلنیاییە دەستەبەربکات بریتیە لە هێزی لشکری، چونکە ئاسایش پەیوەستە بە توانای سەربازی بۆ روبەرووبونەوەی هەرەشەکان.**

---

**( 1) جەنگی سارد(The Cold War) بریتیە لە ملّملانیی ئایدیۆلۆژی کرژی سیاسی و هەرەشەی دبلۆماسی و جەنگی دەروونی ، واتە جەنگێکە لەململاتیی نێودەوڵەتیەوە نزیکە نەك لەجەنگی ڕاستەقینە،هەموو هۆکارەکانی ململانیی تیدا بەکاردێت، ئەم جەنگە زیاتر لەنێوان ئایدیۆلۆژیالی سۆسیالیستی بەسەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، و ئایدیۆلۆژیالی سەرمایەداری بەسەرکردایەتی ئەمەریکا کە لەدوای شەری دووەمی جیهانی بەدیارکەوت، بۆزیاتر زانیاری بروانە: د.شمال حسین، پەیوەندیە نێودەولەتییەکان ، سەرچاوەی پێشوو.**

٣- دەبێتە هۆی خۆش گوزەرانی گەڵ و دەبنەخاوەن ئازادیی و سەربەخۆیی و خەلک کاتی خۆیان تەرخان دەکەن بۆدورستکردنی خودی خۆیان و بەدەستهێنانی ئارەزوەکانیان و وەبەرهێنانی ئاسایش و نەهێشتنی ناسەقامگیری، ئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوامیدان بە بەها کۆمەڵایەتییەکانیان.

٤- لەرێگەی گرتنەبەری ئەم ریوشوێنانە ئەوە ئەم نەتەوەیە دەتوانێت بەرەنگاری هەرەشەکان ببێتەوە لەهەرسەرچاوەیەك کە ئاسایشی نەتەوەیی دەخاتە مەترسییەوە.

سەرەرای ئەوەی ئارنولد والفرز (Arnold Walfers) هاوڕایە لەگەل پێناسەی لیبمان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لەبارەی گۆرانی بەهاکان، بەڵام بەپێچەوانەی لیبمان بەهاکان پشتگۆی ناخات و بەڵکو شیکردنەوەیان بۆدەکات و ئاماژە بەرەهەندی خودی و بابەتی دەکات بۆ ئەم بەهایانە، و پێیوایە کە ئاسایش لەروانگەی بابەتییانە (موضوعي) واتای نەبوونی ڕاوتەدبیر، کە هەرەشەیە بۆسەر دەستکەوتەکان، بەڵام لەڕوانگەی خودی (ذاتي) یەوە بەهاکان لەکاتی بوونی هەرەشە هیچ مەترسییەکیان لەسەر نیە( Wolfers, 1962,p150 ).  ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەندییەکی راستەخۆی هەیە بە ئاسایش و نەتەوە و دەوڵەت، ولەساڵی 1952 (أرنولد ولفرز) ئاماژەی بەوەدا، کە هزری ئاسایشی نەتەوەیی لای هزرمەندان و شارەزایان هەمان مانای نیە، لەسەر ئەم بیروبۆچونە (أن فينز جيرالد)  لەساڵی 2008 هەمان بیروبۆچونی والفرزی هەبوو و ئاماژەی بەوەدا کە (ئاسایشی نەتەوەیی هیچ وڵاتێك وەك یەك نیە، تەنانەت لەدامەزراوەیەك بۆ دامەزراوەیەکی دیکە جیاوازە) (Stolberg,2012,P8) هۆکاری ئەم جیاوازییانەش دەگەرێتەوە بۆ راڤەکارانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەوڵەتان(Mendel, 2011) ,لەلایەکی دیکەوە فریدریك هارتمان فیری ( Frederick Hartman Ferry) پیناسەی ئاسایشی نەتەوەیی بەم شێوەیە دەکات: (ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لە کرۆکی بەرژەوەندی نەتەوەیی دەوڵەت و راستەوخۆ لەپێناوی دا دەچێتە جەنگ چ لەئیستادا یان لەداهاتوودا بێت)، ئەم پیناسەیەش رەهەندی لەشکریی لەخۆدەگرێت، بۆ پاریزگاری کردن لە ئاسایشی نەتەوەیی(دیر ،2014،ص11،

لەگەڵ ئەوەی ئەم پیناسانە زیاتر جەخت لەسەر بواری  لەشکریی  دەکەنەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەرەشەکان، بەڵام هەندێک بیرمەندی دیکە پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی  دوور لە بواری لەشکریی دەکەن ، وەك  بریجینسکی (Brzezinski) دەلێت مەبەستی من لە ئاسایشی نەتەوەیی ئاسایشی لەشکریی نیە، هەرچەندە هێزی لەشکریی یەکیکە لەرەهەندە گرنگەکانی، لەبەرامبەردا بروام وایە کە ئاسایشی نەتەوەیی بوار و رەهەندی زیاتر لەخۆدەگرێت، وەك چۆنییەتی دەسەڵاتدارییەتی سیاسی، هێزی ئابووریی، ڕاهێنانی تەکنۆلۆجی، ژیانی ئایدیۆلۆجی... تاد(قادر، 2021،ل26)· هەروەها جۆزێف نای  (Josehp Nye) پێیوایە  ئاسایشی نەتەوەیی  بریتیە لە "نەبوونی هەرەشە لەسەر بەها بالاکان" و نەتەوە لەهەموو بوارەکان دا لەئاشتی و دلنیایی دایە لەسەرئاستی هەرێمی لەرووی سەروەربی و کلتوری و ئابووریی( Wyllie, 2008,P74).

**2-1: چوارچێوەی تیۆری**

چوارچێوەی تیۆر ئەم تویژینەوەیە بریتیە لە تیۆریی کۆبەندی ئاسایشی هەرێمیی (نظرية مجمع الأمن الإقليمي – Regional Security Complex theory)، ئەم تیۆرییە هەندێک جار (لە نووسینە عەرەبییەکان) بەتیۆریی کۆبەندی ئاسایشی هەرێمیی ئالۆز (المجمع الأمني المعقد) ناودەبردرێت؛ هەردوو بیرمەندی (قوتابخانەی  کۆپنهاگن): باری بوزان (Barry Buzan) و ئۆلی ویڤەر (Ole Waever)بنەمای سەرەکیی ئەم تیۆرییەیان دارشتوە، لە چوارچێوەی کتێبێك بەناونیشانی (Regions and Power: The Structure of International Security) کە لەساڵی 2003 بڵاوکراوەتەوە.  هەول وکۆششی ئەم دوو بیرمەندە بریتی بوون لە دانانی چوارچێوەیەکی گشتیی بۆ لێکۆلینەوە لەبواری ئاسایش وخوێندنەوە و شیکردنەوەی ئاسایشی دەوڵەتان و فاکتەرو هۆکارەکانی نائارامیی ونائاسایشی ( Buzan and Weaver, 2003 : P25).

ئاسایشی هەرێمیی خۆی لە بوونی پەیوەندی لەنیوان دەوڵەتان دەبینێتەوە، و تۆرێکی فراوان لە (دۆستایەتی، هاوپەیمانیی، هەستکردن بەترس) لە خۆدەگرێت، بۆیە ناکرێت چەمکی دۆستایەتی  و دوژمنایەتی تەنیا بگەرێندرێنەوە بۆ هاوسەنگیی هێز (توازن القوى - Balance of power)، ئەوپرسانەی کاریگەری دورستدەکەن لەسەر پەیوەندی دۆستایەتی

و دوژمنایەتی ڕەنگە ئایدیۆلۆجیا و ئیتنیکی و پاشخانی مێژوویی بن، هەروەك چۆن كۆبەندی ئاسایشی هەرێمی "پشتبەستن بەیەكدیی لە بواری ئاسایش" (الاعتماد الأمني المتبادل - security interdependence) دەگرێتە خۆی لەبواری كێبركێ دا، بەڵام فاكتەری سەرەكی لێرەدا لەڕوانگەی كۆبەندی ئاسایشی هەرێمیی لەسەر ئاستی جیهانی بەشێوەیەكی گشتی بریتیە لە (هەرەشە و ترس) لەنێوان دەوڵەتان، جا لەهەرشوێنێكی جیهان دا بێت بەبێ جیاوازیی. هەروەها كرۆكی تیۆری كۆبەندی ئاسایشی هەرێمیی جەخت لەسەر چوارگۆڕاوی سەرەكی دەكات: ١- سنوور (Boundaries)، ٢- بونیادی ئەناركی (Anarchy Structure)،٣- جەمسەربەندیی (Polarity)، ٤- ژێرخانی كۆمەلایەتی (Social Construction). (بوستی، 2019، ص10-11)

لەسەر ئەم بنەمایە بوزان پێیوایە كە زۆربەی دەوڵەتان پەیوەندییەكانیان لە چوارچێوەی هەرێمایەتیی دیاری دەكەن نەك جیهانیی، تەنانەت ئەگەر هەلسوكەوتەكانیشیان لەسەر ئاستی جیهانیی بێت؛ كەواتە ئاسایشی هەرێمیی بەگوێرەی بوزان و ویڤەر بە بەشێك لە ستراتیجیەتی ئاسایشی دەرەكیی دادەنرێت، و زۆربەی دەوڵەتان ئاسایشیان بەستراوەتەوە بە ناوچەیەكی ئاسایشیی یان ناوچە ئاسایشییەكان، كە ڕاستەوخۆ كاریگەری لەسەر ئاسایشی دەوڵەتەكەیان هەیە، و پەیوەستە بە بەرژەوەندی و سیاسەت وستراتیجیی. ئەمەش بە (ناوچەی ئاسایش-Security territory) دادەنرێت، گرنگترین بنەما سەرەكییەكانی "تیۆری كۆبەندیی ئاسایشی هەرێمیی" ئەمانەی خوارەوەن (Buzan and Weaver,2003,P25).:

1- زۆربەی هەرەشەكان بەشێوەیەكی ئاسانتر دەگوازرێنەوە لەناوچە كورت مەوداكان بەرامبەر بە ناوچە دوور مەوداكان.

2- وادادەنرێت كە كۆبەندی ئاسایشی هەرێمیی لەلایەن زلهێزە جیهانیەكانەوە پیشێل دەكرێت.

3- كۆبەندی ئاسایشی هەرێمی پێكهاتەی سەرەكی ئاسایشی جیهانییە (نیودەوڵەتییە).

4- هەرێمەكان زیاتر سەربەخۆیی خۆیان هەیە.

كەواتە لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت، بەپشتبەستن بەم تیۆرە دەتوانیین شیكردنەوە بۆ بنەماكانی ئاسایشی نەتەوەیی توركیا بكەین، بەشێوەیەك هەم لەسەر ئاستی جیهانی و هەمیش لەسەر ئاستی هەرێمیی ڕوداوەكان كاریگەریان هەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی توركیا بەهۆی ئەو پێگە جوگرافیەی كە هەیەتی، بۆیە ئاسایشی هەریمیی زۆر بایەخدارە بۆ توركیا، چونكە ڕەنگدانەوەی ڕاستەخۆیی هەیە لەسەری، ئەمەش وادەكات لەچوارچێوەی گۆرانكارییە هەریمایەتیەكان بنەماكانی دادەرێژێت بۆئەوەی هاوسەنگیەك دروستبكات لەبەرامبەر هیزە هەڕیمایەتییەكان و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییەكانی لەناوچەكە.

### 2-بنەماكانی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی توركیا لە ماوەی 2002-2011

گۆڕانكاریی گەورە لە ستراتیجەت و سیاسەتی توركیا لەدوای 2002 بەدیاركەوت ئەمەش بەهۆی تێروانین و ڕوانگەی دامەزرێنەرانی پارتی دادوگەشەپێدان كە دیارترینیان (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، عبدالله گوڵ، ئەحمەد داود ئۆغلۆ) بوون، لەپێناو دەرخستنی گرنگی پێگەی توركیا لە هاوكێشە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەكان( الكاكانی،2017،ص79)، بەشێوەیەك ئەحمەد داود ئۆغلۆ سەرۆك وەزیرانی پێشوو بوو بە ئەندازیاری دارێژەری سیاسەت و ستراتیجیەتی توركیا، ڕەخنە لەسیاسەتی پێشوو دەگرت، پیوایە كە سەردەمی جەنگی سارد سەردەمێكی لە دەستچووە بۆ توركیا، چونكە سەركردەكانی پێشوو لە توركیا نەیانتوانیوە سود لەپێگە ستراتیجیەكەی وەرگرن و ڕەنگ بداتەوە لەسەر دارشتنی ستراتیجەت(Davutoglu, 2007, P42).

لەسەرەتای دروستبوونی كۆماری نوێی توركیا ساڵی 1923، تا ساڵی 2002، چەند بنەمایەك پەیرەوكراوە لەپێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی توركیا، بەهۆی سنورداری توێژینەوەكە ناتوانین ئاماژە بە بنەماكان بكەین، چونكە قۆناغێكی ماوە درێژە، بەڵام هەندێك لەم بنەمایانە درێژە پێدراوە لەسەردەمی حكومەتی پارتی دادو گەشەپێدان( Adalet ve Kalkınma Partisi) دا، و بەشێوەیەكی گشتی گۆڕانكاریان بەسەرداهاتووە. بەهۆی ئەوەی كە توێژینەوەكەمان پەیوەستە بە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەكپارتی بۆیە تەنها ئاماژە بەبنەماكانی ئاسایشی نەتەوەیی دەكەین لە سەردەمی ئەك پارتی(AK Parti) دا.

لەدوای 2002 توركیا هەوڵیدا سیستەمێكی هەرێمیی سەقامگیر و ئاسایش بونیاد بنێت، بەپشتبەستن بە بنەمای دیموكراسیانە، لەرێگەی بەكارهێنانی ئامرازی دیپلۆماسیەت و گەیشتن بەگونجاوترین رێگا بۆ پارێز گاریكردن لەو بنەمایانەی كەمڵكەچی بەها ناوخۆیی وجیهانییەكانە، هەروەها پێویست دەكات رێبازێك پەیرەوبكرێت كەسیاسەتی دەرەوە بەشێوەك چالاك بێت و جەخت لەسەر دبپلۆماسیەتی ژیرانە بكرێتەوە بۆئەوەی چارەسەری گرفتەكان بكات ئەم چوارچێوەیە بریتی دەبێت لەستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی توركیا (أوغلو،2010 ، ص221). گرنگترین ئەو بنەمایانەی كە لەم قۆناخەدا پەیرەوی دەكرا بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی توركیا بریتی بوون لە:

**1-1-- كەمكردنەوەی گرفتەكان لەگەڵ دەولەتانی دراوسێ**

دریژە پێدەری بنەمای ئاشتی لەناوخۆ و ئاشتی لەدەرەوە سەردەمی پێشووە مصطفی كمال ئەتاتورك ئاماژەی پێكراوە( موقع رسمي لوزراه الخارجیه التركیة،2022) بەڵام ئەم بنەمایە بە بەرگێكی نوی دارێژرایەوە لەلایەن ئەك پارتی لەدوای ساڵی 2002، كە بریتی بوو لە سفركردنەوەی كێشەكان(Zero Problem) ئەمەش هەنگاوێكی كردەیی بوو بەمەبەستی گێرانەوەی سەقامگیری و ئاشتی لە سەرئاستی ناوخۆیی و دەرەكی بەتایبەت لەگەڵ دەولەتانی دراوسێ، چونكە توركیا ترسی هەبوو لە تەنگەژە هەریمییەكان بۆیە پێویستی دەكرد سیاسەتیكی چالاك پەیرەوبكات لەپێناو دابینكردنی ئاشتی و ئاسایشی كۆمەڵگا (Davutoglu, 20 may 2010). وپێكەوەژیان دور لەململانیی هۆكارێك بوو بۆئەوەی بوارێكی فراوانتر بۆ توركیا برەخسێت بۆ رۆلگێرانی هەرێمایەتی، چونكە لەتوانای داهەبوو گرفتەكان كەم بكاتەوە لەسەرئاستی هەرێمیی، هەروەك پاول كەنیدی" (Paul Kennedy) چەمكی هێزی تەوەر (القوة المحورية - pivotal power) بەكاردەهێنێت، وەك وەسفێك بۆ سیاسەتی دەرەوەی توركیا لەچوارچێوەوی جوگرافیایەكی فراوان (Iseri,2011, p5,).

لەسەرئەم بنەمایە ئەحمەد داود ئۆغلو *(Ahmet Davutoğlu)* ئاماژە بەوەدەكات ودەلێت ئەگەر بارودۆخی ئێستا بەراورد بكەین بە رابردوو دەبینیین پەیوەندیەكان لەئاستێكی بەرزوو بەتین دان گرنگترین نمونەش بۆئەمە لەگەل سوریا كە پێشوو پەیوەندیەكان لە ئاستێكی باش نەبوون، بەلام لەئیستادا تەنها بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەكان نەبوو، بەڵكو چەندین رێكەوتنامە مۆركران، گرنگترینیان رێكەوتنامەی بازرگانی ئازاد بوو. ئاماژە بەپتەوبوونی پەیوەندیەكانی توركیا لەگەل جورجیا و بلغاریا و ئیران وعیراق دەكات ئەم دەستپێشخەریە وادەكات كە دەولەتانی ناوچەكە هەست بە دلنیایی بكەن (اوغلو، 2010، ص613).

بەلام "ئاك پارتی" (لەژێر سێبەری ئەم بنەمایە هەنگاوی ئەرێنی گرتەبەر لەسەر ئاستی ناوخۆیی، هەرچەندە پرسی كورد پرسێكی زۆر هەستیار بوو لەبواری ئاسایشی نەتەوەیی، وهێوركردنەوە و كەمكردنەوەی هەستیاری ئەم پرسە و دۆزینەوەی رێگەی گونجاو بۆچارەسەركردنی لەرێگەی گرتنەبەری هەنگاوی دروست لەچوارچێوەی پرۆسەیەك بەناوی (پرۆسەی ئاشتی لەتوركیا) و بەشداربوونی كورد لە پرۆسەی هەلبژاردن (نجم، 2017، ص96). كەواتە ئەم بنەمایە بەمانای دەرچوونە لە توركیایەكی دەورەدراو بەكێشە و گرفت بۆ دەوڵەتێكی خاوەن پەیوەندی دۆستانەو زۆرباش لەگەل هەمووان، رێگەخۆشكەردەبێت بۆدەستپێشخەری بەمەبەستی پتەوكردنی پەیوەندیەكانی لەگەڵ دەوڵەتان (نورالدين،2010، ص138).

**2-1- هاوسەنگی ئاشتی لەنێوان ئازادی و ئاسایشدا**

ئەم بنەمایە یەكێكە لەبنەما سەرەكیەكانیی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی توركیا، بریتیە لەدورستكردنی هاوسەنگی تەندروست لەنێوان ئازادی و ئاسایشدا، مەبەستی گەیشتنی توركیا بە رێزبەندی دەولەتە بەهێزەكان، بەگوێرەی ئەمە لەبواری دیموكراسیدا رێكخستنی رەوایەتی دەوڵەت بەسترایەتەوە بە سنوری ئازادییەكانی هاولاتیان لەو ولاتە كە كاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی توركیا هەیە (عەلی، 2010، ل19) .

ئەمەش یارمەتی دەوڵەت دەدات بۆئەوەی كاریگەری لەسەر ژێنگەی دەورووبەری هەبێت، چونكە پرۆژەی سیاسی دەوڵەت دەوەستێتەسەرئەوەی كە تاچەند توانای دابینكردنی ئاسایشی هەیە بۆ هاولاتیانی بەبێ ئەوەی ئازادییەكانیان سنورداربكات، لەبەرئەوەی ئەوسیستەمەی كە ئاسایش دابین دەكات ولەبەرامبەردا ئازادی هاولاتیان سنورداردەكات ئەوە

**سیستەمێکی دکتاتۆرە، تورکیا سەرکەوتووبوە لەم بوارەدا بەبروای داود ئۆغلۆ لەگەل ئەوەی تورکیا لەساڵی 2001 رووبەرووی ئاستەنگ بۆوە لە دژایەتی کردنی تیرۆرستان رووبەرووبونەوەی هەرەشەکان، بەلام هەر جەختی لەسەر پاراستنی ئازادی و ئاسایشی هاولاتیانی دەکردەوە، لەگەڵ ئەوەی لەساڵی 2007 سوپای تورکیا چەند هەلمەتێکی لشکریی ئەنجامدا دژ بەتیرۆرستان لەناوخاکی تورکیا بەلام بارودۆخی لەناکاوی رانەگەیاند وکاریگەری نە خستە سەر پرۆسەی هەلبژاردن، توانی سنوری ئازادییەکانی فراوان بکات بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئاسایش دروستبکات (أوغلو،2010، ص612).**

**کەواتە تورکیا لەروانگەی ئاسایشی نەتەوەیی هەوڵی داوە ئاشتی و سەقامگیری دابینبکات، لەهەمان کاتدا ئازادی هاولاتیان سنوردارنەبووە تا ئاستێك، بەڵام پێشێلی مافی هەندیك لە پێکهاتەکانی دەکرد بەتایبەت کورد و ئەرمەنەکان چونکە ڕوانگەیەکی دیکەیان هەبووە بۆ ئەم نەتەوانە، لە روانکەی تورکیا ئەم لایەنانە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەخەنە مەترسیەوە.**

**3-1- رۆلگێرانی هەرێمایەتی**(Regional roles)

**ئەم بنەمایە لەچوارچێوەی تیۆری (قولایی ستراتیجی) کە لەلایەن (ئەحمەد داود ئۆغلۆ) پیشکەشە کرا، دوای ئەوەی لەساڵی 2009 بوو بەوەزیری دەرەوە لەیەکەم وتاریدا ئەم تیۆرەی شیکردەوەو ئاماژەی بەوەکرد کە ئێستا تورکیا خاوەن تێروانینێکی بەهێزە لەسیاسەتی دەرەوەدا بە ئاراستەی رۆژهەلاتی ناوەراست و بەلقان و ناوچەی قەوقاز و چەندین ناوچەی هەرێمایەتی و نێودەولەتی هەنگاو دەنێت بەوردی کاردەکات بۆ رۆلگێرانی هەرێمایەتی وگێرانەوەی هاوسەنگی هێز، بۆیە تورکیا نابێتە دەولەتێکی کارتێکرا و بەڵکو دەبێتە دەولەتێکی کارتێکەر، واتا تورکیا لەولاتێکی پەراوێزەوە دەپەرێتەوە بۆ وڵاتیکی ناوەند (الدولة المركزية) کاریگەری دەبێت لە سەر پرسە هەستیارەکاندا [1] لێرەدا تورکیا خۆی وەك دەولەتێکی محوەری (دولة محورية) نیشاندەدات بەرامبەر بە دەوڵەتانی دراوسێ بەپشتبەستن بە جیۆستراتیجیەتەکەی [2] .**

**دوای ئەوەی تورکیا ئاراستەی سیاسەتی گۆری بەئاراستەی رۆژهەڵات بەتایبەت دەوڵەتانی عەرەبی ، هەندیك لەدەولەتان زۆربەگەرمی پێشوازی ئەم سیاسەتەیان کرد، چونکە پیان وابوو سەرچاوەی هێزی سیاسی و ستراتیجیەتە بۆ جیهانی عەرەبی بۆ ڕێگریکردن لە فراوانخوازی ئیران لە ناوچەکە، بۆیە داود ئۆغلۆ پیوایە رۆلگێرانی هەرێمایەتی تورکیا پشت دەبەستێت بە بنەما جیگیرەکان کە بریتیە لە میژوو و جوگرافیا و ژمارەی دانیشتوان و کلتور، هەروەها بنەما گۆراوەکان وەك ئابووری و تەکنەلۆجیا و توانای لشکریی (اوغلو،2010،ص35). بەگوێرەی ئەوپێوەرانەی کە بۆ رۆلگێرانی هەرێمایەتی دیاری کراوە، تورکیا زۆربەی پێوەرەکانی تێدا فەراهەم دەبێت بە بەراوردکردن لەگەل دەولەتانی هەرێمیی کە رۆلی هەرێمایەتی دەگێرن، چونکە ژمارەی دانیشتوانی لە (84) مليون زیاترە، سوپاکەی لە پلەی 11 مین دایە لەجیهان کە خاوەن**

---

**[1] دەوڵەتی ناوەند (الدولة المركزية)، بەبروای دواود ئۆغلۆ پێگەی جوگرافیای تورکیا لەبارە و گونجاوە بۆئەوەی ببێتە دەولەتێکی ناوەند، لەزۆربەی دەولەتانی ناوەند پێگەکەی گونجاوترە، بۆنمونە ئیران دەولەتێکی ناوەندە لەناوچەکە بەلام سنورەکەی دورە لە ئەفریقیا و ئەوروپا.بۆزیاتر زانیاری بروانە: فراس محمد إلياس، تحليل السياسة الخارجية التركية وفق منظور المدرسة العثمانية الجديدة، دار الاكاديمية للنشر والتوزيع، عمان -الاردن، 2016، ص36-27.**

**[2] چەمکی دەولەتی محوەر بەمانای بوونی هێزێکی زیاتر لەدەولەتانی دراوسێ دێت، ئەم هێزە رێگەخۆشکەردەبێت بۆ بەکارهێنانی دەسەلاتی خۆی بەسەر دەولەتانی دیکە، وکاریگەری دروستدەکات لەسەر رێرەوەی رووداوەکان لەناوچەکە ئەمەش پێچەوانەی دەولەتی هەژمونە، چونکە لەدەولەتی هەژموون یاسای خۆی جێبەجێدەکات لەسەر دەولەتانی ناوچەکە لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆی، بەلام دەولەتی محوەر کار لەچوارچێوەی بەرژەوەندی هەرێمی دەکات، بۆ زانیاربزیاتر بروانە: فراس محمد إلياس، مصدر سابق ، ص 196-205.**

**سوپایەکی بەهێز ورێکخراوە، توانایەکی ئابووری بەهێزی هەیە ( GFP 2022, 15Aprile 2022 ) مەبەست قۆناغی پێش 2011 یە کە ئابووری تورکیا بەهێزبوو، بەشێوەیەك ئابووری تورکیا دوای 2002 گەشەی سەند داهاتی تاك ساڵانە لە (3500) دۆلار زیادی کرد بۆ ( 10891) دۆلار لە ساڵی 2010 ،هەناردەی ساڵانە لە 36 ملیار دۆلار لەساڵی 2002 زیادی کرد بۆ 157 ملیار دۆلار بۆ ساڵی 2017 ، یەدەگی دراوی بیانی لەساڵی 2002 تەنها 28.8 ملیار دۆلار بوو ، بەڵام لەساڵی 2017 ڕێژەکەی زیادی کر بۆ 135 ملیار دۆلار، هەروەها بوە خاوەنی یەدەکی نزیکەی 137 تۆن زێر بۆ هەمان ساڵ(سوفیان، 2019، ص157). ئەمانە ئاماژەن بۆگەشەی ئابووری تورکیا ، بەڵام مانای ئەوەنییە کە قەیرانی ئابووری تێپەراندبێت، بەڵکو لەدوای 2020 ئابووری تورکیا ڕووبەرووی قەیران بۆوە و ، لیرەی لەئیستا دا واتا 2023 نزمترین ئاستی بەخۆیەوە بینیوە لەبەرامبەر دراوی بیانی.**

**ئەم ڕۆڵگێرانە تەنها پشتگیریی هەرێمیی بەدەستنەهێنا، بەڵکو پشتگیریی نیودەولەتیشی بەدەستهێنا ، هەروەك (باراك ئۆباما)(Barack Obama) سەرۆکی پێشووی ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەساڵی 2009زۆر بەگەرمی لەلایەن تورکیا پێشوازی لێکرا و وتارێکی پێشکەش کرد ئاماژەی بەوەکرد کە ئارەزووی ئەوەدەکات کە پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا بەهێزبکات بەمەبەستی دروستنکردنی گۆڕەپانێکی ئاشتی و ئاسایش لەناوچەکەو، پێشنیاریکرد کە پەیوەندیەکانیان لە ئاستی شەراکەت دابێت چونکە تورکیا بەهۆی لایەنی جوگرافیا وکلتور ومێژووە توانای ئەوەی هەیە سەرکردایەتی ناوچەکە بکات وئێمەش پشتگیری دەکەین(أوغلو، 2010،ص633).**

**تورکیا توانی لەسەرەتای فەرمانڕەوایەتی ئاك پارتی دا رۆڵێکی چالاك بگێرێت سەبارەت بەقەیرانەکانی ناوچەکە وجیهان واتا هاوشێوەی جیوە (زیئبق)(Mercury ) جولەدەکات وناوندێکە بۆ بەیەکگەیشتنی دوژمنەکان وچەندین هیزی پێك ناکۆك، وەك کردنەوەی دەرگای دانوستاندن بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ لەنێوان سوریا و ئیسرائیل لەساڵی 2008، پرسی ئەتۆمی ئێران لەساڵی 2012 تورکیا سوربوو لەسەر ئەوەی کە ئێران و گروپی (5+1) دانوستاندن بکەن لە ئەستنبۆل ، هەرچەندە دانوستاندن ئەنجام درا بەڵام بەهۆی سوربوونی رۆژئاوا لەسەر داواکاریەکانیان نەیتوانی بگەینێتە هیچ دەرئەنجامێك (Caman and Datco,2013,P9).**

**1-4- هاوسەنگیی هێز (Balance of power)**

**تورکیا بەهەموو هیز وتوانایەك هەوڵدەدات هاوسەنگی هیز دروست بکات بەرامبەر هێزە هەرێمییەکان بەتایبەت ئیران، چونکە هەریەکەیان خاوەن پرۆژەی تایبەتن وهەوڵی بەدیهێنانی دەدەن، ئیران خاوەنی پرۆژەی ستراتیجیەتی نەتەوەیی – تیۆری ئوم ئەلقورا (الاستراتيجيه الوطنيه- نظرية ام القرى) یە. بەگوێرەی ئەم تیۆرە ئیران پێگەیەکی گرنگی دەبێت لەجیهان ئیسلامی دا، پێویستە لەسەر هەمو دەوڵەتانی ئیسلامی پارێزگاری لەم ستراتیجیەتە بکەن، ئەم پرۆژەیە سێ ڕەگەزی سەرەکی لەخۆدەگرێت، یەکەمیان پاریزگاریکردن لەپاشکۆیەتی ئیسلامی لەگەڵ سیستەمی ئیران، دووەمیان: پارێزگاریکردن لە ئاسایشی ئیران، سێیەمیان: فراوانخوازیی هەرێمایەتی ئیران[1].**

**واتا فراوانخوازی و هەژموونی هەرێمایەتی لە روانگەی ئیران لەدوای ساڵی 1979 بەدیارکەوت، کەئەمەش ویستی "آية الله الخميني" بوو کە (ابو الحسن بني صدر) یەکەمین سەرۆك کۆماری ئیران دوای شۆرش ئاماژە بەوەدەکات، خومەینی**

---

**( 1)- تیۆری ئوم ئەلقورا ( نظرية أم القرى) لەلایەن محمد جواد لایجانی پێشنیارکرا و خرارووە، کەیەکێك بوو لە دارێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران و گەورە راوێژکاری سەرۆکی ئیرانی پێشوو ( علی اکبر هاشم رفسنجانی) ئەم هزرەی لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو خستە روو لەچوارچێوەی ستراتیجیەتێك بۆپارێزگاریکردن لەئاسایشی نەتەوەیی ئیران، پێشنیاریی ئەوەی کرد کەپێویستە ئێران سنوری فراوانخوازیەکەی دیارییکان ئەگەرنا ڕووبەرووی لەناوچوون دەبێتەوە، دوای ئەوەی کەوتەو بواری جیبەجێکردن لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو ناونرا ستراتیجیەتی ئێرانی بیستینەیی (الاستراتيجية الايرانية العشرينية) (2005-2025) واتا بۆماوەی بیست ساڵ پەیرەو دەکرێت و ئایندەی ئیران بۆماوەی بیست ساڵ دیاریدەکات، بۆزیاتر زانیاری بروانە: علی حسين باكير، الابعاد الجيوستراتيجية للسياستين الايرانية والتركيةحيال سورية، بحث منشور في المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، مارس 2013،**

**هەمیشە ئاماژەی بە دروستکردنی پشتێنەیەکی شیعی دەکرد، بۆکۆنترۆلکردنی جیهانی ئیسلامی، ئەم پشتێنە شیعیە هەریەکە لەئیران و عیراق و سوریە و لبنان دەگرێتەوە، وکاتیك هەژموونی بەسەر ئەم دەولەتانە هەبێت ئەوە دەتوانێ نەوتی ئەم دەولەتانە بەکاربهێنی بۆ کۆنترۆلکردنی دەولەتانی ئیسلامی بەگشتی (العدوان،2013، ص 71-77).**

**لەبەرامبەر هەژموونی ئیران، تورکیا خاوەن پرۆژەیەکە لەچوارچێوەی "تیۆری قولایی ستراتیجیی"، بەمەبەستی رۆلگێرانی هەرێمایەتی وفراوانخوازی سنورەکەی، هەروەك داود ئۆغلۆ قسە لەسەرئەوەدەکات کە تورکیا پیویستە بەژداربێت لە پرسەکانی ئاسایش وسەقامگیری وبوژاندنەوەی هەرێمیی بەتایبەت لەگەڵ ئەودەولەتانەی کە هاوسنورن، وپیوایە ئەودەولەتەی ئەفریقیا فەرامۆش بکات ناتوانێت رۆلی هەرێمایەتی بگێرێت، وهیچ پێگەیەکی نیودەولەتی نابێت، بەڵام تورکیا لەبەرئەوەی (ئەفرۆیورو ئاسیەویە) توانای سەرکردایەتی هەرێمیی هەیە (اراس وأخرون، 2012، ص17).**

**لەم ڕوانگەوە هەریەکە لە رەجەب تەیب ئەردوغان سەرۆك کۆمار و ئەحمەد داود ئۆغلو وەزیری دەرەوەی پێشووی تورکیا پیان وایە ئەستنبۆل تەنها ناوەندێك نیە بۆ کۆکردنەوەی کیشوەرەکان، بەڵکو هێمای کۆکردنەوەی شارستانیەتەکانە، بە بۆچوونی وان ئەستنبول خاوەن پاشخانێکی کلتوری و مێژوویی یە، لە تشیلی تا ئەندەنوسیا، لەئەفریقیا تا ناوەراستی ئاسیا، هەروەها یەکێتی ئەوروپاش لە خۆدەگرێت. هەموو ئەمانە بەشێکە لە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، ئەمەش بەمانای ئەوەدێت تورکیا هەوڵی زیندوکردنەوەی رابردوو (عوسمانیەتی کۆن) دەدات، بەلام بە بەرگێکی نوێ، لەچوارچیوەی پرۆژەی (عوسمانیەتی نوی)، (اراس وآخرون، 2012، ص18).**

**ئەم بنەمایانە کاریگەربوونە بە ستراتیجیەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا(** Türk Milli Güvenlik Kurulu **)، دوای 2002 و گەیشتنە دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدان گۆرانکاری بەسەر ژمارە و ئەدای ئەم ئەنجوومەنە هات، بەشێوەیەك ئەم ئەنجوومەنە دوو قۆناخی جیاواز لەخۆدەگرێت، یەکەمیان بریتیە لە باڵادەستبوونی سوپا، دوای ئەوەی لەتورکیا سیستەمی یەك حزبیی کۆتایی پێهات، لەرێگەی هەڵبژاردن کە (حزبی دیموکراتی) لە 22 ئەیاری 1950 گەیشتە دەسەڵات،جەلال بەیار (Celal Bayar) کە یەکێك بوو لە ئەفسەرانی جەنگی سەربەخۆیی وەك سەرۆك کۆمار و عدنان مەندەریس وەك سەرۆك وەزیران دیارکران. لێرەدا کێشە کەوتە نێوان حکومەت و سوپا، و بەریەککەوتن روویدا و دەرئەنجامەکەی بە کودەتا کۆتایی پێهات لەساڵی 1960، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دابمەزرێت، ودواتر ئەمە لەدەستوری ساڵی 1961 جێگیرکرا. دوای ئەمەش پاش کودەتای لەشکریی ساڵی 1980 بەسەرۆکایەتی جەنەرال کەنعان ئەڤرین (Kenan Evren)( بهاء الدين، 2016،ص22)، رێگە خۆشکرا بۆ زیادکردنی ڕۆڵی سوپا لە تورکیا لەڕێگەی زیادکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بە کەسانی لەشکریی، ئاواش لەشکرییەکان بوون بە زۆرینە و ریژەیەکی کەم لەئەندامانی مەدەنی مانەوە. ئەم ئەنجوومەنە بریاری یەکلاکەرەوەی دەدا سەبارەت بەپرسە نیشتمانییە بالاکان، دووەمیان: قۆناغی مەدەنی، دوای 2002 لەسەردەمی پارتی دادو گەشپێدان کاریگەری سوپا لەسەر بریارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش کەمکرایەوە ئەمەش دوای هەموارکردنی مادەی 118ی دەستور، چونکە بەگوێرەی ئەم مادەیە ئەنجومەنی ئاسایش بەرپرس بوو لە دارشتنی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوە، بەڵام پێکهاتەی ئەم ئەنجوومەنە گۆرا دوای زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی مەدەنی(Ahmad, 2017,P92)، کەواتە لە دوای ساڵی 2002 واتە دوای هاتنە سەردەسەلاتی پارتی دادوگەشەپێدان هەندێك هەمواری دەستوری ئەنجام دارا، وئەو ماددانەی لەخۆگرت کە تایبەت بوون بە ئەنجوومەنی ئاسایش. زیادکردنی وەزیری داد وەك ئەندامێکی ئەم ئەنجوومەنە، وکەمکردنەوەی رۆلیان لە ئەنجوومەنی پەروەردەو کارووباری رادیۆ و تەلەفیزیۆن، و پۆستی ئەمینداری گشتی ئەم ئەنجوومەنە درا بە کەسێکی مەدەنی، کە پێشتر تەنیا بۆکەسێك بوو پلەی لەشکریەکەی دەبووایە (فەریقی یەکەم) بێت( قدو، 2016), ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دارشتنی ئەم بنەمایانە بەشتبەستن بووە بە ڕوانگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەم ئەنجومەش کاریگەربووە بە هزریی پارتی دادو گەشەپێدان.**

**3-بنەماکانی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دوای ٢٠١١**

**بەهۆی ئەوگۆڕانکاریانەی دوای 2011 لەناوچەکەدا روویاندا، وبوونە هۆی ئەوەی کە ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا شێوازێکی نوێ پەیرەوبکات، وزیاتر سیاسەتی هێزی رەق** (Hard power) **لەخۆدەگرێت. لەو کاتەوە تورکیا هەولدەدات وەك هێزێك و کاراکتەرێکی کارا بەدیاربکەوێت، وچارەسەری بۆ پرسە هەستیارەکانی ناوچەکە بە شێوازێک بدۆزێتە کە لەبەرژەوەندی تورکیا دابێت، وبتوانێت هاوسەنگیی بەرامبەر بەهەرەشەکان دروستبکات. لەروانگەی حکومەتی تورکیا روداوەکانی ولاتانی ناوچەکە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەخەنە مەترسیەوە: وەك ڕاپەڕینەکانی "بەهاری عەرەبی"، ڕاپەڕینی خەلکی سوریا سەرهەڵدانی "رێکخراوی دەولەتی ئیسلامی لەعیراق وشام" (داعش). بەلام ئەم سیاسەتە نوێیە دووچاریی ئاستەنگ و بەربەستی زۆر بووەوە، لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتیی (خالد، 2017، ص 41)، مەبەستی ئاشکرای حکومەتی تورکیا لەم سیاسەتە نوێیە بەرامبەر رووداوەکان بەدەستهێنانی سەقامگیری وئاسایش و پارێزگاریی لە یەکپارچەیی خاکی تورکیا وفراوانکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان ودابینکردنی سەقامگیری هەرێمیی، دورستکردنی پەیوەندییەکان لەسەربنەمای "متمانە نەك گومان"** (Ihsan and Qader,Summer2020,P891)**، بۆیە لەم ماوەیەدا چەند بنەمایەکی دیکە لەژێر دروشمی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا پەیرەوو‌پیادە دەکات:**

**1-2- ژێرخانی ئاسایشی هەرێمیی:** Regional Security Infrastructure

**مەبەست لەژێرخانی ئاسایشی هەرێمیی (البنیة التحتیة للأمن الإقلیمي) بریتیە لە چەسپاندنی ئاسایش (Security) وسەقامگیریی (Stability) ناوچەکە و پەیرەوکردنی سیستەمێکی دیموکراسیی لەبەرامبەر دروستبوونی گۆڕانکاریی لە جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە. بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لەدوای 2010 رویاندا، وەك ڕاپەڕینەکانی چەند ولاتێکی عەرەبی ناسراو بە "بەهاری عەرەبی - الربیع العربي"، بەتایبەتی ڕاپەڕینی خەلکی سوریا دژی ڕژێمی بەعس، وبەدەرکەوتنی (داعش)، تورکیا رووبەرووی کۆمەلێك هەرەشە بووەوە سەبارەت بە ئاسایشی نەتەوەیی، لەبەرنەبوونی ژێرخانێك بۆ ئاسایشی هەرێمیی** (Regional Security Infrastructure)**، کە بووە هۆکارێك بۆ دورستبوونی ئالینگاریی (تەحەددا)ی حکومیی و ناحکومیی (دەولەتیی و نادەولەتیی) بۆ تورکیا؛ بەپێچەوانەی زۆربەی دەوڵەتانی جیهان هەرەشەکان بۆ تورکیا لەسەرئاستی ناوخۆیی و هەرێمیی ونێودەوڵەتی بوون. ئەمەش وای کرد کە مەترسییەکان سەبارەت بە ئاسایش و سەقامگیریی تورکیا پەیوەستبن بەسیستەمی هەرێمیایەتی و نێودەوڵەتیی** (Regional and international system)( **یشیلتاش،2017، ص50)، بەشێوەیەك ئەم سیستەمە هەرێمایەتییە رەنگدانەوەی ژێرخانی ئاسایشی نێودەولەتییە وخاوەن چەند تایبەتمەندییەکە[1] (5).**

**گرتنبەری رێکار بەرامبەر ئەو رووداوانە ئامانجدارە، ئامانجەکەش بریتییە لەدورخستنەوەی هەرەشەکان ودلنیایی لەئاسایشی نەتەوەیی وبەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکان لەناوچەکە، چونکە جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەرداهات. ئەو هەرەشانە کە رووبەرووی تورکیا بوونەوە جێگای گرنگیی پێدان بوون لەرووی ژێرخانی ئاسایشی نێودەوڵەتی، وەك: کۆچی نایاسایی** (Illegal Immigration)**، هاتووچۆی تیرۆرستانی بیانی، داعش (ISIS) ... . وئەمە بەهەرەشەیەکی تەواو دادەنرێت بۆسەر ئاسایشی تورکیا و یەکێتی ئەوروپا. تورکیا بەهۆی هاوسنووری لەگەڵ هەریەکە لە ئەوروپا و ئەفریقیا ناتوانێت تەنیا لە چوارچێوەی ئاسایشی هەرێمیی بمێنێتەوە، چونکە ژێرخانی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ژێرخانی ئاسایشی نێودەوڵەتی(یشیلتاش،2017، ص51).**

**2-2-- لەدەستدانی سەروەریی (فقدان السیادة -**loss of sovereignty)

---

**[1] - گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ژێرخانی ئاسایشی هەرێمی بریتین لە:1- ململانێکان تەنیا لەنێوان دەولەتەکان روونادەن، بەڵکو کاراکتەری نادەولەتیی رۆلی سەرەکییان دەبێت لە ململانێکان، 2- شێوازی جەنگ، لەجەنگی کلاسیکی کەتەنیا (هێز و تەکنۆلۆجیا) لەخۆدەگرت، بەلام ئەم ژێرخانە جەنگییە: جەنگی دەروونیی، جەنگی تێکەلاو (هجین)، جەنگی سیبریانی، جەنگی بایۆلۆجی دەگرێتەوە، واتە لەجەنگی نیزامیی بۆ جەنگی نانیزامیی گۆڕاوە. 3- دیاردەی تیرۆر، بۆ زانیاری زیاتربروانە: مراد یشیلتاش، فرحات بیرینجي، سلوك ترکیا الإستراتیجي في ظل النظام الدولي المتغیر، مجلة رؤیة ترکیة، العدد11، شتاء 2022، ص15-20.**

**لەدوای 2011 ژێرخانی ئاسایشی هەرێمیی رووبەرووی ئالینگارییەکی (تەحەدایەکی) گەورە بووەوە و بەرەو هەلوەشانەوە چوو، کاتێك ریرەوەی دیموکراسیی گۆرانکاریی بەسەرداهات، بەهۆی راپەرینەکانی "بەهاری عەرەبی"؛ ئەو کاتە پێویستبوو لەسەر تورکیا خۆی بۆئەم بارودۆخە ئامادەبکات، و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی کەم بکاتەوە. رەنگدانەوەی ئەم بارودۆخە  دوای 2013 بەدیارکەوت، بەهۆی کۆتاییهاتن بە "پرۆسەی ئاشتیی"، لەو کاتەوە توندوتیژیی لەنێوان حکومەتی تورکیا بە سەرۆکایەتی ( AK Parti) و رێکخراوی سیاسیی ولەشکریی کوردیی (PKK) سەریهەڵدایەوە، ئەمەش بەهۆی دروستبوونی بۆشایی ئاسایشیەی لە ناوچەکە دا (YeŞiltaŞ, özÇeli,2018,C18).**

**لەگەل ئەمەشدا، کودەتا سەرنەکەوتوەکەی ساڵی 2016 دەروازەیەکی دیکە بوو بۆ کۆتایی هاتن بە "پرۆسەی ئاشتی" سەبارەت بە پرسی گەلی کورد لە تورکیا دروستبوونی ململانێ لەنیوان بزوتنەوەی خزمەت (گولەن)ی ئیسلامیی و حکومەتی تورکیا، چونکە ئەم کودەتایە نەتەوەپەرستە ڕاستڕەوەکان و "عوسمانییە نوێیە"کانی لێکدی نزیك کردەوە و کاریگەری خستە سەر بارودۆخی ئاسایش و سیاسیی و کۆمەلایەتیی؛ هەروەها هاوکێشەی دیپلۆماسیەت و ئاسایش سەبارەت بە دارشتنەوەی شێوازی ڕووبەروو بوونەوەی پرسی کورد لەتورکیا چوە قۆناخێکی نوێ. ئەردۆغان نزیك بوونەوەی لەگەل (مەهەپە) (Milliyetçi Hareket Partisi, MHP ) بە بژاردەیەکی گونجاو زانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی و حزبەکەی؛ ئەمەش وایکرد تورکیا دابەش بێت بۆدوو بەرە: یەکەمیان بەرەی "رێکەوتنی کۆماریی" (Cumhur ittifakı) (ئاك پارتی و مەهەپە) ، دووەمیان بەرەی رێکەوتنی میللی- میللەت (Millet Ittifakı) واتە (جەهەپە وهەدەپە وپارتە ئۆپۆزسیۆنەکان)، ئاواش دابەشبوونی ناوخۆیی لە تورکیا زیاتر بوو (NİŞANCI, DOĞAN,2018,C18). هەرچەندە ئەم هاوپەیمانیتیە  هەدەپەش لەخۆدەگرێت، بەڵام  تەنها لەهەندیك بیروبووچوون لەگەل ئەم هاوپەیمانیتەیە کە دیارترینیان گۆرینی سیستەمی سەرۆکایەتیە بۆ پەرلەمانی، و هەموارکردنەوەی  هەندێك ماددەی دەستور کە (11) مادەیە، بەڵام تاوەکو ئیستا هیچ ئاماژەیەکی روون بۆکورد لەم هاوپەیمانیتیە بەرجەستەنابێت(محیەدین، 2023)، بۆیە باشتر وایە لێك نزیك بوونەوە بەکاربهێنرێت لە جێگای هاوپەیمانیەتی، هەلبژاردنی 2023 سەرۆکایەتی و پەرلەمانی  لەتورکیا ئەم راستیەمان بۆ دەسەڵمێنێت.**

**کردەوە لشکرییەکانی تورکیا بەشێکن لە ستراتیجیەتی دەولەتی تورکیا( Duran, 30december 2016). کەواتە زیادبوونی دەستێوەردانی لەشکریی و دروستبوونی هاوپەیمانیتەی نوێ لەناوچەکە، بەتایبەتی دەستێوەردانی راستەوخۆی روسیا لەسوریا، و زیادبوونی گرژیی نیوان ئیران و سعودیە؛ ئەمانەش وایان کرد کە تورکیا رووبەرووی تەنگژە نوییەکان ببێتەوە، بەهۆی ئەوەی هەندیك لەم تەنگژانە لەسەر سنووری تورکیا روویاندەدا وکاریگەریی راستەخۆیان دەبوو لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، چونکە بەگوێرەی بەرپرسێکی ئاسایشی تورکیا شانە نوستووەکان لە تورکیا چاوەروانی فەرمان و رێنماییان دەکرد. ئەمەش بەتایبەتی دوای ئەوەی داعش لە نێوان ٢٠١٤-٢٠١٧ جموجۆلی لە ناو تورکیاش زیاد بوو( Criss (Group,2020,P2**

**3-2- بنەمای نەبوونی متمانە (فقدان الثقة)**

**تورکیا هەوڵیدەدا لەرێگەی هاوپەیامنیەتی ناتۆ (NATO) ڕۆلی بونیاتنانی ژینگەیەکی سەقامگیر و ئاشیتیانەی لەناوچەکەدا هەبێت، بەلام لەدوای 2013 ئەم بنەمایە بەشێوەیەکی دیکە خوێندنەوەی بۆکرا لەلایەن تورکیا، بەتایبەتی دوای دروستبوونی ناکۆکیی لەگەل (بزوتنەوەی خزمەت)[1] لە دیسەمبەری 2013، هەروەها لە تەنگژەی سوریا تورکیا لە چوارچێوەی ناتۆ بەپێی پێویست رۆلی نەبوو، بەڵکو بەشێوەیەکی کەم بوو. لەم روانگەوە (عبدالله گول - Abdullah**

**[1] - بزوتنەوەی خزمەت لە سەر هزر وبیری فەتحوڵا گولەن دامەزراوە لەساڵی 1990، بزوتنەوەیەکی میانرەوی ئیسلامییە، بەمەبەستی پەروەردەکردنی کۆمەلگا و دروستکردنی  دیالۆگی نێوان ئاین و شارستانیتیەکان ، ئامانجی سەرەکی وەك گولەن ئاماژەی بۆدەکات بریتیە لە خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و پەرەپێدان بەئاشتی و بلاوکردنەوەی هزری میانرەوی ئاینیی وفکری و ناتوندوتیژیە، بۆزانیاریی زیاتر بروانە: ریبوار کەریم، فەتحوڵڵا گولەن : دید و پرسی کورد، چ2، دەزگا و چاپ و پەخشی کانی عرفان، 2014.**

Gül) سەرۆکی پێشووی تورکیا ئاماژەی بەوەکرد کە "هیزەکانی رۆژئاوا پالپشتی نێوەندگیریی تورکیایان نەکرد لەسەرەتای جەنگ دا، بەڵکو هەلسان بە کەمکردنەوەی رۆلی تورکیا"، تا ئەو قۆناخەی تورکیا گەیشتە ئەوباوەرەی کە نابێت پشت بەناتۆ ببەستێت بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییە بالاکانی وپاراستنی ئاسایشی نیشتمانی تورکیا، بۆئەوەی هەمان ئەو سیناریۆیانەی کە لەمیسر و سوریا و لیبیا رویاندا لەتورکیا دووبارە نەبێتەوە (قدورة، 13دیسمبر2015 ، ص5). لەسەر ئەم بنەمایە ئەردۆغان بانگەشەی ئەوەی دەکرد کەدەبێت زیاتر پشت بەخۆمان ببەستین وەك لە ناتۆ، بۆیە هەماهەنگیی وهاوکارییەکان پێویستە فراوانتربکرێن و گفتوگۆی ستراتیجی لەگەڵ چین و روسیا دەکەین (ابو طالب، 2019، ص16).

لەم روانگەیەوە نیگەرانییەکانی تورکیا بەرامبەر بە هاوپەیمانانی بەتایبەتی لەگەل ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا زیاد بوون؛ و کاتێك لە 15ی تەموزی 2016 کودەتایەکی لەشکریی سەرنەکەوتوو رویدا، تورکیا نیگەران بوو لە هەلوێستی ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەم بارەیەوە، وئەردۆغان لە 2016/7/29 وتی: "گەڵی تورکیا ئەوەدەزانێت کە ئەقلی داڕێژەری کودەتاکە"، چونکە لەروانگەی تورکیا ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەستی لەم کودەتایە دا هەبووە، ئەمەش کاریگەری خستە سەر پەیوەندی نێوان تورکیا وئەمەریکا (ابو طالب، 2019، ص17). چونکە بە بڕوای سەرۆک کۆماری تورکیا (رەجەب تەیب ئەردۆغان) داڕێژەری ئەم کودەتایە کەسێکی "تیرۆرستە" - مەبەستی (فتح الله گولن)ە - ولە ئەمەریکا نیشتەجێیە، ولەلایەن دەزگا هەوالگرییەکانی ئەمەریکا دەپارێزێت هەروەها چەندین بەلگەی خستەروو کە گوایە ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا کارئاسانی و یارمەتی دەربووە بۆ سەرکەوتنی ئەم کودەتایە، وە سەرکردەی بنکەی ئەنجەرلیك جەنەرال (بەکر ئەرجان فان - Bakir Arjan Fan) دوای سەرنەکەوتنی کودەتاکە داوای پەنابەریی لە ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا کرد؛ و لەلایەکی دیکە دوو فرۆکە لەشەوی کودەتاکە لە بنکەی ئەنجەرلێك هەلسان بۆپێدانی سوتەمەنی بە فرۆکەکانی ئێف 16ی بەشدار لە کودەتاکە. هەمو ئەمانە لەتێروانینی تورکیا ئەوە دەگەینن، کە ئەمەریکا هاوکار بووو لە هەولی کودەتاکە. ئەمەش هۆکارێکی دیکەی نادلنیایی حکومەتی تورکیا و نەمانی متمانە بوو بە ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا (جول، 2017 ص239)

دوای ئەوەی تورکیا بێئومید بوو لەولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا وهاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی، وپەیوەندیەکانیان بەرەو لاوازی چوون، بەهۆی ئەوەی هەردوولایەن متمانەیان بەیەکدی نەما، وکە کاتێك تورکیا دژەموشەکی (سیستەمی S-400)ی لەروسیا کڕی، لەبەرامبەردا ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا یارمەتی ئەسینای دا، ودەستیکرد بەوەبەرهێنان لەوێ لەبواری لەشکریی بەمەبەستی دورستکردنی هاوسەنگیی لەگەڵ توانای لەشکریی تورکیا. مەبەست لە رێکەوتن لەگەل یۆنان لەم بارەیەوە ئەوە بوو تورکیا پاشگەزبێتەوە لەکرینی سیستەمی دژەمووشەکی لەروسیا (واتە وەک ئامرازێکی فشار بەکارهێنرا). لەسەرئەم بنەمایە ئەمەریکا سێ بنکەی لەشکریی وشکانیی لەیۆنان دانا و پالپشتیی لەشکریی یۆنانی کرد. لەلایەکی دیکە لەرێگەی ئەم رێکەوتنەوە ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەتوانێت هێزی لەشکریی بگوازێتەوە بۆ هاوپەیمانەکانی لەبولگاریا و رۆمانیا وەك جێگرەوەیەك بۆ گەرووی بوسفۆر، ئەگەر رێگریان لێبکرێت بۆگەیشتن بە دەریای رەش، لەلایەن تورکیا یان روسیا؛ ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی رۆلی گەرووەکان (مضیق) لە تورکیا، ومەترسی لەسەرپێگەی تورکیا دروستدەکات و بەهۆی گۆرینی جوگرافیای سیاسیی لەناوچەکە (علوش،2022).

**4-2- بنەمای دەستێوەردانی لەشکریی (التدخل العسكري)**

هەموو دەولەتێك ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیی هەیە، و جیاوازە لەگەل ئی دەوڵەتانی دیکە لەسەر ئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتی. تورکیا دوای ئەوەی قۆناخی هێزی رەق (Power Hard) ی هەلبژارد، چونکە دووچاری کۆمەلێك گرفت بووەوە، کە لە ڕوانگەی حکومەتی تورکیی بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەرەشەبوون بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، گوایە گرنگترین هەرەشەکان ناوچەکانی رۆژهەلاتی فورات تا دەگاتە سنورەکانی ئیران و عیراق و رۆژهەلاتی لیبیا دەگرێتەوە(أوغلو،22/2/5) .

هەرچەندە پێشکەوتنەکانی دۆزی کورد لە کوردستانی سوریا بە تایبەتی و لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان بە گشتیی واتە لە ڕۆژهەلاتی سوریا و کوردستانی عیراق وکوردستانی ئیران ئەنجامی مەترسیی بەردەوامی دەسەلاتدارانی کۆماری تورکیایە لە دۆزی نەتەوەی کورد بەگشتیی، بەلام دیاری نەکردووە بۆ ڕووداو و گۆڕانکاریی لە رۆژهەلاتی لیبیا هەڕەشەیە

**بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، ئەمە نموونەیەکی ئاشکرای پاساوی ڕەهەندیی ئاسایشی نەتەوەیی بنەمای دەستێوەردانی لەشکریی ستراتیجییەتی حکومەتی ئێستاکیی تورکیایە (حکومەتی هاوبەندیی AKP / MHP)، کە ڕەنگدانەوەی ئامانجی سیاسیی و بەرژەوەندیی تایبەت و فراوانخوازیی هەردوو هاوبەندە سیاسییەکەیە.**

**حکومەتی تورکیا بەمەبەستی پاراستنی ژێرخانی ئاسایشی هەرێمیی لەدوای 2011 چەند هەنگاوێکی گرتەبەر، یەکێك لەم هەنگاوانە بریتی بوو لە دەستیوەردانی لەشکریی لەودەولەتانەی کە ناسەقامگیرن و لە ڕووی لەشکرییەوە لاوازن. لەم نێوەندەدا گرنگترین دەوڵەت سەبارەت بە تورکیا بریتیە لە سوریا ، چونکە کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی و لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، بەهۆی بوونی کورد و عەلەوییەکان لەوێ، کە هەردوو پێکهاتە بە ژمارەیەکی زۆر لە تورکیاش هەن، ولەبەر گۆڕانکاریی وهاوکێشەی ماف و خۆبەڕێوەبردنیان، بەتایبەتی کورد (أحمد،حكيم، بەهاری عەرەبی، 2021، ل25).**

**بۆرێگریکردن لە پرۆژەی خۆبەڕێوەبردنی گەلی کورد لە کوردستانی سوریا، بەتایبەتی پاش دامەزراندنی سێ کانتۆن لە هەر سێ دەڤەری کوردنشین لە باکووری سوریا، وبۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی لەوێ چەندین ئۆپەراسیۆنی لەشکریی لەنێو خاکی سوریا ئەنجام دا. لەساڵی 2016 ئۆپەراسیۆنی یەکەمی بەناوی (Fırat Kalkanı) "قەلخانی فورات" (درع الفرات) لە 24/ئابی 2016 دەستپێکرد، لەو هێرشە لەشکرییەی ناوچەی جرابلسی داگیرکرد، بۆ ڕێگرتن لە پێکەوە بەستنەوەی کانتۆنی کۆبانیی و کانتۆنی عەفرینی سەر بە ئیدارەی خۆبەڕێوەبردنی کوردان لە کوردستانی سوریا. دواتر هێرشی لەشکریی دووەمی بەناوی (Zeytin Dalı)، "چلەزەیتون" (غصن الزيتون) لە ڕێکەوتی 20 کانونی دووەمی ساڵی 2018 دەستپێکرد بەمەبەستی داگیرکردنی عەفرین [1]، هێرشی لەشکریی سێیەمیش لە9ی ئۆکتۆبەری 2019 دەستپێکرد بەناوی کانی ئاشتی (نبع السلام)(Barış Pınarı) [2] ئەم پرۆسەیە لەڕوانگەی تورکیا دژی تیرۆرستان ئەنجام دەدرێت، مەبەستی تیدا پاکردنەوەی ناوچەی باکوری رۆژهەڵاتی سوریا لە (PKK) و (YPG) و تیرۆرستانی داعش، چونکە ئەنقەرە بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکات، کە لەم ناوچەیەی سووریاوە هێرشی تیرۆریستی دەکرێتە سەر خاکەکەی. بە بڕوای کاربەدەستانی تورکیا ئەگەر ناوچەی ئارام لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دروست بێت، ئەوە مەترسییە ئەمنییەکان و هێرشە**

---

**[1]- قەلغانی فورات" (Fırat Kalkanı): ناوی یەکەمین هەلمەتی لەشکریی تورکیایە بۆسەر سوریا، لەرێکەوتی 24 ئابی 2016 دەستپێکرد. ئامانجی سیاسیی حکومەتی تورکیا لەم هێرشە لەشکرییە بریتی بوو لە داگیرکردنی ئاشکرای چەند ناوچەیەکی ستراتیجیی سوریا لەو دیو سنوور، وەک جرابلس و باب و عەزاز. بۆزانیاریی زیاتر بروان: طارق دياب، عماية درع الفرات في مرحلتها الثالثة، المعهد المصري للدراسات السياسية ولإستراتيجية، القاهرة، تقارير سياسية، 5 ديسمبر 2016. بەلام "چلە زەیتون" (Zeytin Dalı) ناوی دووەم هەڵمەتی لەشکریی تورکیایە لەنێو خاکی سوریا، و لە رێکەوتی 20 کانونی دووەمی ساڵی 2018 روویدا، بە مەبەستی داگیرکردنی ناوچەی (عەفرین). بۆ زانیاری زیاتر بروانە، بيستون عمر نوري، الاستمرار والتغيير في السياسة الخارجية التركية تجاه سوريا بعد 2011، مجلة قەلای زانست، المجلد 4، العدد3،صيف2019، ص 14-15. هەروەها** Doğan Şafak POLAT, Türkiye’nin Suriye’nin Kuzeyindeki Askerî Harekâtının Amaçları ve Sonuçları, Güvenlik Stratejileri Cilt: 16 Sayı: 33,2020,p70

**[2]- ئۆپەڕاسیۆنی کانی ئاشتی (Barış Pınarı) لە 9ی ئۆکتۆبەری 2019. ئەم هێرشە لەشکرییە ئەنجام درا، دوو ئامانجی هەبوو: یەکەمیان، داگیرکردن و دابڕاندنی ناوچەیەکی دیکە لە خاکی سوریا (کوردستانی سوریا) بەدرێژایی (30) کم، لە پشت سنووری سوریا لەگەل تورکیا، بەناوی "ناوچەی ئارام"؛ کە بووە هۆی داگیرکردنی "شاروچکەی سەرەکانیی (رأس العين) و شارۆچکەی "گردە سپی" (التل الابيض)، ؛ دووەم ئامانجی هێرشەکەش تایبەت بوو بە تێکدانی خۆبەرێوەبەرایەتی کوردان لەو ناوچە دیارکراوە و دورخستنەوەی یەکجارەکی هیزە جەنگاوەرەکانی کورد لە ناوچەکە و دامالینی چەك لەم جەنگاوەرە کوردانە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: أحمد بابكر أحمد، هوگر ابراهيم حكيم، مصدر سابق، ص23-31.**

تیرۆریستییەکان بۆ سەر خاکی تورکیا نامێنێ یاخود لانی کەم کەم دەبێتەوە.، هەروەها گەراندنەوەی پەنابەرەسورییەکان لەرێگەی دروستکردنی ناوچەی ئارام دەبێت (عومەر، 2022) ئەم هێرشە داگیرکارییە لەشکرییانە، لەڕوانگەی حکومەتی تورکیا، هەنگاوی کردەیی پێویست بوون بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا.

یەکێکی دیکە لەو دەولەتانەی تورکیا بە بەکارهێنانی هێزی لەشکریی دەستێوەردانی لەکاروباری ناوخۆی کرد، بریتیە لە لیبیا، هەرچەندە دراوسێشی نییە. بەڵام لیبیا دەولەتێکی گرنگە بۆتورکیا و دەکەوێتە ناو ئەجێندای بەرژەوەندییەکانی تورکیا لەرووی ئاسایش و ئابووری و سیاسی، جیۆسیاسی، بەتایبەت دەرگای گەیاندنی تورکیا یە بە دەولەتانی ئەفریقی , دەکەوێتە سەردەریای ناوەراست(الرنتيسی، 2019، ص3) لەسەر ئەم بنەمایە لەساڵی 2011 ئەردۆغان (سەرۆك وەزیرانی ئەوکات و سەرۆك کۆماری ئیستا) ئاماژەی بەوەکرد کە تورکیا هەموو یارمەتییەك پێشکەشی کۆنگرەی نیشتمانی هەلبژێردراو لە لیبیا دەکات. لەم نێوەندەدا تورکیا پالپشتی لە حکومەتی ویفاق کرد، لەنەتەوەیەکگرتوەکان دژ بە (جەنەرال حەفتەر)، کە لەلایەن چەند دەولەتێك پالپشتی دەکرا وەك ئیمارات و میسر و فەرەنسا، ویارمەتی لەشکریی گروپەچەکدارییەکەی حەفتەریان دەدا. جەنەرال حەفتەر لەساڵی 2019 هەلمەتێکی لەشکریی ئەنجامدا، بۆئەوەی دەستبگرێت بەسەر پاینەختی ولات (تەرابلس). لەبەرامبەر ئەمەدا ولەهەمان کاتدا ئەردۆغان رایگەیاند، کە "لەگەڵ لیبیا رێکەوتنی هاوکاریی لەشکریی مۆرکراوە، وئەگەر داوای یارمەتیی بکەن ئامادەین یارمەتیان بدەین"؛ ئەمەش وەك هەرەشەیەك بوو بۆسەر جەنەرال حەفتەر(الرنتيسي،12سيبتمبر2019،ص3).

ئەردۆغان یاداشتێکی لەم بارەیەوە پێشکەشی پەرلەمانکرد، بەمەبەستی رێگەدان بۆ ناردنی سوپا بۆلیبیا، و بەکۆی گشتی 325 دەنگ داوای سەرۆك کۆمار قبولکرا؛ و بەمەش هێزی لەشکریی رەوانەی لیبیا کرد. لەبەرامبەر ئەم بریارەی پەرلەمان وتەبێژی سەرۆکایەتی تورکیا (ابراهيم كالن) ئاماژەی بەگرنگیی ئەم بریارەکرد و وتی هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئاشتیی و سەقامگیریی لیبیا، و لەهەمان کاتدا بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی تورکیا لە باکوری ئەفریقیا دەپارێزێت و دەبێتە هۆکارێك بۆئەوەی تورکیا هەر بە بەهیزی بمێنێتەوە. هەروەها وەزیری دەرەوەی تورکیا (مولود چاویش ئۆغلۆ) رایگەیاند: "ئەم یاداشتە زۆرگرنگە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی تورکیا، هەروەها بۆ ئاشتی و ئاسایش ناوچەکە(موقع الجزيرة، بتاريخ 2020/11/2) هەڵوێست و دەستێوەردانی تورکیا سەبارەت بە لیبیا دەگەرێتەوە بۆچەند هۆکارێك: (رنتيسي،12سيبتمبر2019،ص5)

1- زیادبوونی نیگەرانیی تورکیا لەم ناوچەیە بەهۆی دۆزینەوەی سەرچاوەی وزیەکی زۆر لە رۆژهەلاتی دەریای سپی ناوەڕاست ، هەروەها بە هۆی لێکتێگەیشتن لەنێوان ئیسرائیل و یۆنان و قوبرس لەم بارەیەوە، واتە سەبارەت بە گازی سروشتیی لە رۆژهەلاتی دەریای سپی ناوەڕاست.

2- ئەنجامدانی هەڵمەتی لەشکریی پالپشتی کراو لەسەرئاستی هەرێمیی بەسەرکردایەتی جەنەرال خەلیفە حەفتەر بۆسەر تەرابلوس دژی (حکومەتی الوفاق الوطني)، هاوکار لەگەل حکومەتی تورکیا.

3- قۆزینەوەی هەلوێستی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە نیگەران بوو لە پالپشتی کردنی جەنەرال حەفتەر لەلایەن روسیا، کە لەگەل هەلوێستی تورکیا لەم ڕووەوە دەگونجێت.

4- دامەزراندنی کۆربەندێك بۆ گازی سروشتیی لە ڕۆژهەلاتی دەریای سپیی ناوەڕاست و دورخستنەوەی تورکیا لەم کۆربەندە، لەگەل ئەوەی بەشێکی گرنگە لەهەرێمی ڕۆژهەلاتی دەریای سپیی ناوەڕاست.

5- بوونی پەیوەندیی لەنێوان جەنەرال حەفتەر و حکومەتی یۆنان، بەمەبەستی ئاوەدانکردنەوەی شاری بەنغازی.

لەگەل ئەوەی پەیوەندییەکانی نیوان تورکیا و -میسر لەلایەك و تورکیا و سوریا لەلایەکی دیکە، بەوردتر بڵێن نزیکبوونەوەی تورکیا لەدەوڵەتانی عەرەبی کاریگەری نەختسۆتە ستراتیجیەتی تورکیا بەرامبەر بەلیبیا، کاتێك وەزیری دەرەوەی میسر( سامح شكري) لەبەرنامەیەکی کەنالی (العربيی) ی سعودی ئاماژەی بە وەستانی دانیشتنەکانی نێوان میسر و تورکیا دا، بە هۆی مەلەفی لیبیا بەتایبەت بوونی سوپای تورکیا لەلیبیا(عربي 21، 2022). کەواتە دەکرێت ئاماژە بەوەبکرێت ، هەرژەندە لێك نزیکبوونەوە روویداوە لە پەیوەندییەکانی نێوان ( میسر- تورکیا،سعوديە-تورکیا و ئیمارات) بەڵام تائیستا هیچ گۆرانکارییەکی کردارەکی لەستراتیجیەتی تورکیا بەرامبەر لیبیا روونەداوە.

**دەرئەنجام**

**1- دارشتنی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی لەلایەن حکومەتی تورکیا وابەستەی سیاسەتی تایبەتی هاوبەندیی حوکمرانە، سەبارەت بە هەلسوکەوت لەبارەی پرسە ناوخۆییەکان و گۆڕانکارییە هەرێمیی و نێودەولەتییەکان، نەک پێگەی جیۆپۆلیتیکی ولاتەکە و بەرژەوەندیی بالای دەولەت و پێکەوەژیانیی پێکهاتەکانی کۆمەلگە.**

**2- لەگەل ئەوەی تورکیا پێگەیەکی گرنگی هەیە لەرووی جێۆستراتیجی لەناوچەکە، ئەوەندی حکومەتی تورکیا (لەو دوو دەیەی ڕابردوو دا) هەولێداوە سوود لە دەسەلات، لەسایەی سیاسەتێکی حزبییانەی یان هاوبەندنییانەی تایبەت و تەسک و داخراو وەربگرێت، ئەوەندە بایەخی پێگە جیۆپۆلتیکییەکەی، لەسایەی سیاسەتێکی ناوخۆیی فراوان و کراوە بەرەو رۆلگیرانێکی گونجاوی هەرێمایەتی نەقۆزیوەتەوە، لەپێناوی گەیشتن بەئامانجە بالاکانی کۆمەلگە ودەولەت، لەسەر بنەڕەتی ئەو فاکتە، کە گەشەسەندنی ئابووریی و خۆشگوزەرانیی کۆمەلگە، دەکەوێتە سەر بوون و چەسپاندنی سەقامگیریی سیاسیی و پێکەوەژیانیی کۆمەلایەتیی ناوخۆیی و بوونی پەیوەندیی دۆستانە و هاوکارانە لەگەل دەولەتان،**

**3- هەرچەندە تورکیا لەناو چەندین هاوپەیمانیەتیی نێودەولەتییە، بەڵام هاودژیی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی حکومەتی تورکیا و بنەما بنەڕەتییەکانی مافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین و پرینسیپە لیبرالییە پەیڕەوکراوەکانی دەولەتانی ڕۆژئاوا، و چوارچێوەی نیزامی جیهانیی نوێ (النظام العالمي الجديد)، ڕێگرە لەوەی دلنیایی و هاوکاریی بنە دووبنەمای سەرەکیی لە دارشتنی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا. بۆیە حکومەتی تورکیا گەیشتە قۆناخێك لە ناکۆکیی سیاسەتی ناوخۆیی و گرژیی پەیوەندیی لەگەڵ ولاتانی رۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا، کە متمانەیان بەیەکدی نەما. هەمیشە حکومەتی تورکیا، لەو سالانەی دوایی، پەنا دەباتە بەر چارەسەریی وهەلمەت و هێرشی لەشکریی بۆ پرسە هەستیارییەکان لە ناوخۆ و دەوروبەر؛ بەتایبەتی سەبارەت بە دۆزی کورد، نەک تەنیا لە تورکیا، بەلکو لە هەرسێ دەولەتەکانی دراوسێش دا (عیراق، سوریا و ئیران)،**

**4- دارشتنی بنەمای جۆراو جۆر لە ئاسیشی نەتەوەیی دەوەستێتە سەر ئەو روداوانەی کە لەسەر ئاستی هەرێمیی و نیۆدەولەتی روودەدەن، ڕەنگدانەوەی راستەوخۆیان هەبووە لەسەر تورکیا ئەمەش وەك پالنەرێك بووە لەڕوانگەی تورکیا بۆ پارێزگاریکردن لە سەقامگیری و ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، بۆیە گۆڕانکاریی خێرای ئەنجام داوە لە بنەماکان .**

**5-کاریگەریی کەسایەتی فاکتەرێکی سەرەکی بووە لە پاڵ فاکتەرەکانی دیکە بۆ دارشتنی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، چونکە لە قۆناغی یەکەمر زیاتر هزری (ئەحمەد داود ئۆغلۆ) زاڵەلەچوارچێوەیەکی (Soft power) بوو، بەڵام لە قۆناغی دووەمر؛ واتا دوای 2011هزرەکانی فەرامۆشدەکرێت و یستی (ئەردۆغان) زاڵ دەبێت ، بنەماکان لە چوارچێوەی (Hard power) دادەرێژرێن.**

**پێشنیارەکان**

**دوای دەستنیشانکردنی بنەماکانی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لەهەردوو قۆناغی (2002-2011) و (2011-2021)، چەندین پێشنیاری دیاری کراو دەخەینە روو بە پشتبەستن بە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی تورکیا و ناوچەی دەورووبەری ، گرنگترینیان ئەمانەن:**

**1-بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەیی و گرنگیدان بە گفتوگۆی نیشتیمانی، پێویستە لەسەر حکومەتی پارتی دادو گەشەپێدان یەکێتی نەتەوەیی پتەوبکات لەگشت پرسە جیاوازەکان، بەتایبەت پرسە ئاسایشییەکان، گوێ گرتن لەگشت بیروبۆچوونە جیاوازەکان کە خزمەت بەبەرژەوەندی گشتی نیشتمانی دەکات.**

**2-گرنگیدان بە سەقامگیریی سیاسی و ئابووری، ئەمەش لەرێگەی پتەوکردنی دیموکراسیەت و ئازادیی مەدەنی و بەرجەستەکردنی مافە مرۆڤ، وکەمکردنەوەی گەندەڵی دەبێت، هەروەها باشترکردنی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوڵاتیان .**

**3-بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە دەرەکییەکان، پێویستە لەسەر حکومەتی تورکیا پەیوەندییەکانی لەسەرئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی باشتر بکات و بیگەینێتە قۆناغی متمانەیی، ئەمەش لەرێگەی پێکهێنانی تۆڕێکی فراوان لەپەیوەندییە دەرەکییەکانی لەگەڵ ولاتان دەبێت، وکارکردن بۆچارەسەرکردنی گرفتە دەرەکییەکان.**

**4-دووبارە پەیرەوکردنی بنەمای سفرکردنەوەی کێشەکان لەسەرئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، چونکە ئەم بنەمایە پالنەرێك بوو بۆ گەشەی ئابووری و زیادبوونی رۆلگێرانی هەرێمایەتی لەچوارچێوەی دیپلۆماسییەتی فرەڕەهەندی و گەیشت بە قۆناغی سەقامگیریی.**

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم:(أ) - سەرچاوە کوردییەکان**

**١- أحمد، بابکر أحمد، هوگر ابراهیم (2021) حکیم، کارتێکەرە نەتەوەییەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا (ئۆپەراسیۆنی کانیی ئاشتیی لەسوریا وەك نموونە)، گۆڤاری قەلای زانست، بەرگی 6، ژمارە2، بەهاری.**

**٢- حسین. شەمال(2018)، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان : چەمك و بنەماکان، مێژوو و قۆناغەکانی، تێز و تێۆرەکان، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.**

**3-عەزیز، ئارام عەلی، (2010) سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا لە مستفاکەمالە وە بۆ پارتی دادوگەشەپێدان، گۆڤاری لێکۆلینەوەی ستراتیژی، ژمارە 3، تشرینی دووەم.**

**4- قادر، پەروێز رەحیم( 2020)، ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە: کۆماری ئیسلامی ئیران وەك نمونە، چاپخانەی ماد، تاران.**

**5-کەریم، ریبوار، (2014) فەتحوڵلا گولەن: دید و پرسی کورد، چ2، دەزگا و چاپ و پەخشی کانی عرفان.**

**(ب) گوتارەکان (لە سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان)**

**1- عومەر، موفەق عادل، ئامانجی هێرشی سەربازیی تورکیا لەسوریا لێکەوتەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان، سایتی پێنوس18، 12 2022، رێکەوتی سەردان، 5،2023/21، بەردەستە لەم لێنکە:**

**http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/2049-2022-12-18-13-35-55**

**2- محیەدین، سەردار قادر، کاریگەریی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی 2023ی تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق؛ چارەنووسی سەدەی تورکیا لە نێوان بەردەوامبوون و نەماندا، سایتی پێنوس، 2023/4/16، رێکەوتی سەردا 2023/5/22، بەردەستە لەم لینکە:**

http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/2091-2023

**دووەم سەرچاوە عەرەبییەکان**

**١-- ئاکریی. نجدت صبري(2009) ، الإطار القانوني للأمن القومي: دراسة تحليلية، مطبعة جامعة صلاح الدين- اربيل.**

**2- ابو طالب: محمد قاسم (2019)، السياسة التركية تجاه العراق في ظل حزب العدالة والتنمية (2002-2015)، رسالة دبلوم عالي، الجامعة اللبنانية، كلية الحقوق والعلوم السياسية والإدارية.**

**3- أراس: بولند و(أخرون)، (2015) التحول التركي تجاه المنطقة العربية، مركز دراسات الشرق الأوسط، الاردن**

**4- أوغلو: أحمد داود (2010) العمق الإستراتيجي: موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية، ت:محمد جابر ثلجي و طارق عبدالحليل، الدار العربيه للعلوم ناشرون، بيروت.**

**5- أوكالاهان، مارتن غريفيش ووتيرى(2008)، مفاهيم الاساسية في العلاقات الدولية، ت: مركز الخليج العربي، دبي.**

**6- إلياس: فراس محمد (2016)، تحليل السياسة الخارجية التركية وفق منظور المدرسة العثمانية الجديدة، دار الاكاديمية للنشر والتوزيع، عمان –الاردن.**

**8- العامري ، عامر محسن سلمان(2009) ، مفاهيم الأمن: مقارنة بين الامن القومي والامن الاقليمي والامن الجماعي، مجلة السياسة الدولية، العدد 11، القاهرة.**

**9- الكاكانى: وحيد أنعام (2017)، الموقع الجيوستراتيجي لتركيا واهميته للاتحاد الاوروبي، دار أمجد للنشر والتوزيع، عمان-الاردن.**

**10- بالقزيز، عبدالله(1989)، الامن القومي العربي: وصادر تهديد وسبل الحماية، الهيئه المصرية العامة للكتب، القاهرة.**

**11-بهاء الدين: شيما( 2016)، خرائط القوى الداخلية في الجمهورية التركية: خرائط القوى السياسية التركية، بحث منشور في المعهد المصري للدراسات السياسية والاستراتيجية، الملفات الإقليمية، 17 حوزيران.**

**12- بوستى توفيق (2019) مدرسة كوبنهاغن: نحو توسيع وتعميق مفهوم الامن، المعهد المصري للدراسات، الدراسات الإستراتيجية، .**

**13-جول: محمد زاهد(2017)، الانقلاب العسكري في تركيا بين الفشل الداخلي والتدخل الخارجي (صراع الحضارات ام حروب صليبية): الجمهورية التركية الثانية و جمهورية اردوغان وتداعيات فشل الانقلاب 15تموز2016، دار ابن حزم، بيروت.**

**14- دياب: طارق (2016)، عملية درع الفرات في مرحلتها الثالثة، المعهد المصري للدراسات السياسية ولإستراتيجية، القاهرة، تقارير سياسية، 5 ديسمبر 2016.**

**15- خالد: مزروق (2017)، الاستراتيجية الامنية التركية في ظل المتغيرات الإقليمية (2002-2016) دراسة في انقلاب 2016، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة زيان عاشور-الجلفة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، الجزائر.**

**16- رنتيسي: محمود سمير، (2019)، ليبيا في سياسة تركيا الخارجية: حقائق جديدة في معادلات البر والبحر، بحث منشور في مركز الجزيرة للدراسات، 12سيبتمبر.**

**17- سوفيان: منخف(2019)، دور البعد الاقتصادي والأمني في توجيه السياسة الخارجية التركية تجاه منطقة الشرق الاوسط : دراسة حالة العراق للفترة(2002-2018)، أطروحة الدكتوراه، جامعة الجزائر-3-، كلية العلوم السياسية والعلاقات الدولية.**

**18- صالح ، دانا على (2011)، المتغيرات المؤثرة في التعاون الدولي بعد الحرب الباردة، أطروحة دكتوراه، جامعة السليمانية، كلية القانون والسياسة.**

**19- قدوره: عماد يوسف (2015)، مسألة التغير في السياسة الخارجية التركية، بحث منشور في المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، 13ديسمبر.**

**20- نجم: أحمد مشعان (2017) سياسة تركيا الخارجية، معيار القوة في العلاقات الدولية، دار أمجد للنشر والتوزيع.**

**21- محمد الامين: لعجال أعجال (2017)، البعد الإقليمي والدولي للسياسة الخارجية التركية 2002-2023، أطروحة دكتوراه، غير منشورة، جامعة – محمد خيضر- بسكرة، كلية الحقوق واللوم السياسية، الجزائر.**

**22- نورالدين: محمد، السياسة الخارجية: أسس ومرتكزات، في (مجموعه من الباحثين)، تركيا: بين تحديات الحاضر ورهانات المستقبل، ص138.**

**- نوري: بيستون عمر ، الاستمرار والتغيير في السياسة الخارجية التركية تجاه سوريا بعد 2011، مجلة قەلای زانست، المجلد 4، العدد3، صيف 2019.**

**23- يشيلتاش، مراد، (2017) بنية الأمن القومي التركي بعد استفتاء 16 أبريل: توطيد الركائز، بحث منشور في مجلة رؤية تركية، السنة 6، العدد2.**

**24- يشيلتاش، مراد بيرينجي، فرحات (2022) سلوك تركيا الإستراتيجي في ظل النظام الدولي المتغير، مجلة رؤية تركية، العدد11.**

**دووەم (ب): گوتارە عەرەبییەکان (لە سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان)**

١- أوغلو: طه عودة (2021)، في استراتيجية الامن التركي وتأثيرها إقليميا ودوليا، مقال منشور في موقع العربي الجديد بتاريخ 1 كانون الاول 2021، تاريخ الزيارة 2022/2/5، متاح على الرابط التالي: https://www.alaraby.co.uk/opinion/%D9%

٢- البرلمان التركي يقر إرسال قوات الى ليبيا، تنديد مصري وردود فعل دولية متفاوتة، مقال منشور في موقع الجزيرة، بتاريخ 2020/11/2، تاريخ زيارة 2022/7/5، متاح على الرابط التالي: https://www.aljazeera.net/news/politics/2020/1/2/%D8

٣- علوش: محمود (2022) هواجس تركيا من الوجود الامريكي في اليونان، مقال منشور في موقع الجزيرة، بتاريخ 2022/6/7، تاريخ الزيارة 2022/6/20، متاح على الرابط التالي: https://www.aljazeera.net/opinions/2022/6/7/%D9

٤- فقيه: محمد علي (2018)،"كنت في الرقة": قصة تونسي هارب من "داعش"، الميادين نت، ٢٩ آذار ٢٠١٨، متاح على الرابط التالي: https://www.almayadeen.net/books/867603/-%D9

5-السياسة الخارجية التركية في عهد اتاورك، موقع رسمي لوزارة الخارجية التركية، متاح على الرابط التالي:
https://www.mfa.gov.tr/ataturk-doneminde-turk-dis-politikasi_ar.ar.mfa

6-العربي[21](20229 مصر تعلن توقف "الحوار " مع تركيا.. ما علاقة الملف الليبي؟، تاريخ النشر 30اكتوبر، تاريخ الزيارة 2023/5/22، متاح على الرابط:
(https://arabi21.com/story/1471192/%D9%85%D8%B5%D8%B1-%D8%AA%D8%B9%D9%84%D9%)

سێیەم - سەرچاوە ئینگلیزیەکان

1- Bigo: Didier(2008)International Political Sociology in Paul D. Williams ed. Security Studies: an Introduction Routledge, New York.

2- Buzan :Barry, Wæve: Ole r, and Wilde, Jaap de(1998), Security: A New Framework for Analysis Boulder: Lynne Rienner Publishers.

3- Buzan: Barry, and Waever: Ole(2003) Region and Power: the structure of international security Cambridge, United Kingdom: Cambridge University Press.

4-Burhanettin: Duran(2016) Turkey puts Diplomacy, Military to Work in Syria, SETA, 30 December, available at: https://www.setav.org/en/turkey-puts-diplomacy-military-to-work-in-syria/

5- Caman: Efe and Datco, Kenan, (2013) "Iran's Nuclear Program And Turkey: Changing Perceptions, Interests And Need For Revision", Turkish Journal Of International Relations, Istanbul, Vol. 12, No. 2, Summer.

6-Criss group(2020) Calibrating the Response: Turkey's ISIS Returnees, Report No 258, 29 June.

7-Davutoglu: Ahmed, (2008) ‘’Turkey's Foreign Policy Vision: An Assessment of 2007, Insight Turkey, No.10.

8- Davutoglu: Ahmet (2012) Transformation of NATO and Turkey's Position, perceptions, Vol.17, No.1, Spring.

9-GFP ( 2021) Turkish Military Strength, Date:15 April, Access At:
2022 Turkey Military Strength (globalfirepower.com)

10- Iseri: Emre (2011) The Limitations of Turkey's New Foreign Policy Activism in the Caucasian Regional Security Complexity, Jurnal Turkish studies, Vol.12, Issue.1, March.

11-Ihsan: Dr Mohammed and Qader: Shokhan Sherzad(2022) Turkey as A Determinant factor stabilizing the Middle East, Qalaaizanst Scientific Journal, Vol.5, No.3, Summe .

**12-YeŞiltaŞ: Murat, ŐzÇelik Necdet(2018) When Strategy Collapse: The Pkk's Urban terrorist Campaign, Ankara, SETA Publication.**
**13- Mendel, Toby(2011) Defining the scope of national security: issues paper for the national security principle project, center for law and Democracy, May 9-2011 available at:**
**Defining the Scope of National Security – An Issues Paper | Centre for Law and Democracy (law-democracy.org)**
**14- Wolfers, Arnold(1962) Discord and collaboration: Essay on International politics, Maryland, Johns Hopkins Press.**
**15- Stolberg Alan G,(20121) How nation–states craft national security strategy documents, strategic studies institute, monography (SSI), army war college.**
**16 –Wyllie:_ Jams (2008)" Force and Security", in Trevor C. Salmon and others, issues in international relations, London and New York, Routledge,2nd edition,2008**
**17- Ahmad: Tausif(2017) The role of Military in Turkish politicism, International Research Journal of Commerce Arts and Science, Vo.8, Issue 2.**

**چوارەم: سەرچاوەکان بەزمانی تورکی**

**1-NİŞANCI :Şükrü, Doğan Saadettin(2022) Türkiye'de 2018 yılında gerçekleştirilen seçim ittifaklarının kurumsal yönden tahlili, Atatürk Üniversitesi İktisadi ve İdari Bilimler Fakültesi, Erzurum, Türkiye, February 17.**
**2-Polat: Doğan Şafak(2020) Türkiye'nin Suriye'nin Kuzeyindeki Askerî Harekâtının Amaçları ve Sonuçları, Güvenlik Stratejileri Cilt: 16 Sayı: 33.**

## مبادىء الأمن القومي التركي في ظل حزب العدالة والتنمية (دراسة النظرية)

**أ.م. د. أزاد عثمان صالح**
**كلية العلوم السياسية / جامعة صلاح الدين**
**(متقاعد)**
salih.azad@gmail.com

**م.بيستون عمر نورى**
**كلية العلوم السياسية / جامعة صلاح الدين**
beastun.nuri@su.edu.krd

**ملخص**

**يتركز هذا البحث على الأمن القومي التركى، بحيث وفقا للموقع الجيوبولتيكي الهام لجمهورية تركيا في المنطقة والعالم، فقد تعاملت حكوماتها المتعاقبة بشكل مختلف مع الاحداث التي شهدتها المنطقة والعالم. لذلك لم تكن استراتيجية الامن القومي التركي مستقرة وثابتة، هذا يظهر أهمية هذا البحث بل تغيرت حسب التطورات التي نشأت على الاصعدة الداخلية والإقليمية والدولية، وانعكست على كيفية صياغة مبادىء الامن القومي التركي. وكانت لحكومة حزب العدالة والتنمية التي وصلت إلى السلطة بعد عام 2002، فترتان مختلفتان. الفترة الأولى تمتد بين أعوام (2002-2011)، وهي تعرف بفترة انفتاح وإنتعاش تركيا؛ أما الفترة الثانية فهي تبدأ بعد العام 2011، والتي تُعتبر فترة عدم استقرار و عدم الاطمئنان لتركيا. وفي ضوء هذه التغييرات استعانت تركيا بمبادئ مختلفة في كل فترة، حسب مصالح الامن القومي،**

وفقا لمنظور الحكومة. ويوصل إلى هذه النتجية كانت غرض تركيا من تغير سريع في المبادي الأمن القومي هي حماية الامن والاستقرار.

الكلمات المفتاحية: تركيا، الأمن القومي، الإستراتيجية، حزب العدالة والتنمية

## Principle of Turkish National Security Under the "Justice and Development Party "
## (A theoretical Study)

**Asst. Prof. Dr. Azad Salih Othman**
**College of Political Science /University of Sallahaddin**
salih.azad@gmail.com

**L. Beastun Omer Nuri**
**College of Political Science/ University of Sallahaddin**
beastun.Nuri@ su.edu.krd

# Abstract

**This research focuses on Turkish national security so that according to the important geopolitical position of the Republic of Turkey in the region and the world, its successive governments have dealt differently with the events in the region and the world. Therefore, the Turkish national security strategy was not stable and fixed. Rather, it changed relating to developments that arose at the internal, regional, and international levels, and was reflected in how the principles of Turkish national security were formulated.**

**The AKP government that came to power after 2002 had two different terms. The first period extends between the years (2002-2011), and it is known as the period of openness and recovery of Turkey; As for the second period, it begins after 2011, which is considered a period of instability and insecurity for Turkey. In light of these changes, Turkey used different principles in each period, according to national security interests and the government's perspective**

**Keywords. Turkey National Security, strategy, Justice and Development Party**